ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

ژمارە ٦١٦

یەک شەممە
٣١ی خەرمانانی ١٣٩٢
٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

kurdistanukurd.com

■ دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا ■



**بەیاننامە**

**بە بۆنەی ٢١ ساڵەی تێرۆری**
**د.سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانی**

شەهیدبوونی د.سادق شەرەفکەندیو هاوڕێیانیو باقیی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی بەسەردا تێپەڕیوە بەڵام هەروا لە ویژدانی کورددا زیندوونو لەبیر ناکرێن

درێژە ل٥

# هەرێمی کوردستان لە سێبەری دیموکراسیدا چوارەم هەڵبژاردنی پارلمانیی بەڕێوە برد





ڕۆژی شەممە ٢١ی سێپتامبر، چوارەمین هەڵبژاردنی پارلمانی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو. لە هەڵبژاردنەکانی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا ٣٠ قەوارەی سیاسی پێشبڕکێی بەدەستهێنانی ١١١ کورسیی پەرلەمانیان کرد. دو میلیۆنو ٨٠٣ هەزار کەس لەم هەڵبژاردنەدا مافی دەنگدانیان هەبوو، پارێزگای سلێمانی زۆرترین دەنگدەری لەخۆگرتبوو (یەک میلیۆنو ١٩٥ هەزار کەس)، پارێزگای هەولێر پلەی دووهەمی هەبوو لە رووی ژمارەی دەنگدەر (٩٩١ هەزار)و پارێزگای دهۆکیش پلەی سێهەم (٦١٥هەزار کەس). بە گوتەی سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ڕێژەی بەشداریی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەم هەڵبژاردنە لە سەدا ٧٣بوو. هەر بە گوتەی سەرۆکی کۆمیسیۆن، پرۆسەی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی باش بەرێوەچووە، دەنگدەران بە ئامادەبوونی چاوەدێرانی کیانە سیاسییەکان و ٥٨٦٧ چاوەدێری ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و ٣٩٧ چاوەدێری بیانی، لە ١٢٤٥ بنکەی دەنگدان دەنگی خۆیان داوە.

پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان هەر دوا بە دوای کۆتاییهاتنی دەنگدان دەستی پێکردوە، بەڵام ئەنجامی کۆتایی بژاردنو جیاکردنەوەی دەنگەکان لە ڕۆژانی داهاتوو ڕادەگەیەندرێ. سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی زۆر لە قەوارە سیاسییەکان بە دوای کۆتاییهاتنی دەنگدان، خۆشحاڵیی خۆیان لە بەشداریی بەرینی خەڵک لە دەنگدانو بەڕێوەچوونی هێمنانە، دیموکراتیانەو سەرکەوتووانەی پرۆسەکە راگەیاندو خەڵکو لایەنە سیاسییەکانیان بۆ ڕیزگرتن لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بانگەواز کرد.

## ئایا گۆڕانێک لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوەیە؟

**قادر وریا**

پەروەندەی ناوکیی ئێران لە شووڕای بەرزی ئاسایشی نەتەوەییەوە وەرگیراوەتەوەو دراوەتە وەزارەتی دەرەوە. سەرکۆماری نوێ بە گوتارو ڕاوێژێکی نەرمو هێمنانەو جیاواز لە سەرکۆماری پێشوو، لە کێشەی ئێرانو ڕۆژاوا لە سەر پەروەندەی ناوکی دەدوێ.

باراک ئۆباماو حەسەن روحانی، نامەیان لە گەڵ یەکتر گۆڕیوەتەوەو هەر دوویان بە گەشبینییەوە، لە داهاتووی پێوەندییەکانی ئەمریکاو ئێران دەدوێن. خامەنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، باس لە پێویستیی «نەرمی نواندنی قارەمانانە»ی کاربەدەستانی ڕێژیمەکەی بەرامبەر ڕۆژاوا دەکاو دەستی سەر کۆمار حەسەن روحانیی بۆ ڕێککەوتن لە سەر کەیسی ناوکیی ئاوەڵا کردوە.

لە ئاستی نیوخۆییشدا، نیشانەکانی هێندێک گۆڕانی سیاسی بەدی دەکرێن. سوپای پاسداران کە دەوڵەتی پێشووی لە چنگی خۆی گرتبوو و لە دوای ڕێبەری نیزام، وەک بەهێزترین بڕیاردەر لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەناسرێ، ئێستا لە لایەن شەخسی خامەنەییو لە لایەن سەرکۆماری تازەشەوە، داوای خۆتێهەڵنەقوتاندن لە کاروباری سیاسیی لێ دەکرێ. پەروەندەی مووسەوی و کەڕووبی سپێردراوەتە دەستی شووڕای بەرزی ئاسایشی نەتەوەییو پێشبینی دەکرێ ئەمە سەرەتایەک بێ بۆ کۆتاییهێنان بە دەستبەسەرییان. کۆمەڵێک بەندیی سیاسیی (١١ کەس) لەم ڕۆژانەدا ئازاد کراون. بە گوێرەی هەواڵی هێندێک سەرچاوە، روحانی داوای کردوە سکاڵای دەولەت لە سەر هێندێک راگەیەنو راگەیاندنکار وەربگیرێتەوە. کۆمەڵێک لە بەرپرسانو کاربەدەستانی پێشوو کە دەولەتی ئەحمەدینەژاد و قۆڵی کۆنەپارێز داینابوون، لە سەر کار لادراون و جێگایان بە کەسانێک پڕ کراوەتەوە کە لانیکەم بە قەرا ئەوانی پێشوو لە نێو خەلکدا بێزراو نین .

هەم خەڵکی ئێرانو هەم دنیای دەرەوە، چاوەڕوانی پێکهاتنی گۆڕان لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدان. گەیشتنی دەوڵەتی نوێ بە ڕێککەوتنێک لە گەڵ دنیای دەرەوە لە سەر پرسی ناوکی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر کەمکردنەوەی گوشاری دەرەکی لە سەر ڕێژیمی ئێران دەبێ. یەک لەو گوشارانە، گەمارۆ ئابوورییەکانن کە لە سەر ئابووریی ئێرانو ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتە، کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە.

کێشەو ناکۆکیی دنیای دەرەوە لە لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە سەر پرسی ناوکی و هێندێک سیاسەتی ناوچەیی ئەو ڕێژیمەیە. بەڵام کێشەی خەڵکی ئێران لە گەڵ ئەو ڕێژیمە، زۆر بواری دیکەش دەگرێتەوە. بێبەشی لە جۆرەکانی ئازادی وەک ئازادیی بیروڕا دەربڕین، ئازادیی دەستڕاگەیشتن بە رایەڵکە جیهانییەکانی هەواڵو زانیاری، ئازادیو ئەمنییەتی هەڵبژێرانو هەڵبژاردن، بەردەوامیی سەرکوتی سیاسیو نەبوونی دەرەتان بۆ پێکهاتنی حیزبو ڕێکخراوی جۆراوجۆر، زەوتکرانو پێشێلکرانی سەرەتاییترین مافەکانی تاک، سەرکوتی ویستو داخوازە نەتەوەییو فەرهەنگییەکان، درێژەی هەڵاواردنی ڕەگەزی، دینی، نەتەوەیی و زمانی، دەستبەسەرداگیرانی سامانو داهاتی وڵاتو بە کارهاتنی بە قازانجی توێژ و گرووپەکانی بەشداری دەسەڵات، بەشێکی کەم لە کێشە کەڵەکەبووەکانی خەڵکی ئێران لە گەڵ ئەو ڕێژیمەن.

د ٦

٢

بەڕێوەچوونی سیمینارێک بۆ یادی شەهیدانی مێکۆنووس

٦

بەندییە کوردەکان لە بۆتەی فەرامۆشیدا

٧

بەبێ سەردێر
(تێرامانێک بۆ کردەوەکانی دەوڵەتی رووحانی)

٨

سەربازیی زۆرەملێ بە چ مەبەستێک!

٩

گرێی دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی



## پیرۆزبایی ساڵی نوێی خوێندن

یەکی رەزبەر یەکەمین ڕۆژی کرانەوەی قوتابخانەکانو زانستگاکان لە ئێراندایە. بەم بۆنەوەیەوە جوانترینو گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بە قوتابیان، خوێندکاران، مامۆستایانو هەموو هۆگرانی زانستو فێربوونو فێرکردن لە ئێران بەتایبەتی لە کوردستان دەکەین. بە هیوای ساڵێکی پڕ لە دەسکەوت بۆ هەموو لایەک.

ناوەندی ڕاگەیاندنی
حیزبی دێموکراتی کوردستان

کوردستان
٢
ژمارە: ٦١٦
٣١ی خەرمانانی ١٣٩٢
٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٣
هەواڵ و راپۆرت


## سەردانی شاندێکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دەفتەری پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر

لە کۆبوونەوەی شاندێکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانو نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر، گرینگترین باسەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

رۆژی سێشەممە، ١٩ی خەرمانان شاندێکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەبەرپرسایەتیی سادق زەندی، بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمەڵە لە هەولێر، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە هەولێریان کردو لە لایەن شاندی نوێنەرایەتیی حیزب، پێکهاتوو لە براهیم زێوەیی، بەرپرسی پێوەندییەکانو حەسەن کاکیلی، کادری نوێنەرایەتیی حیزب لە هەولێر پێشوازییان لێکرا.

تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی فیدا دەکرد. .... یەکێک بوو لەوانەی کە هەوڵێکی جیددی دەدا بۆ یەکڕیزی تێکۆشەرانی کورد لە هەموو جێیەک و بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

پێم خۆشە دوو مەورید بە کورتی ئیشارە پێبکەم، یەکێکیان ئەو وەختی ئێمە دوو دەستەمان هەبوو لەنێو حیزبی دێموکراتدا، لە شەهیدبوونی دا ئەمن بەدوایدا ڕۆیشم، لە تەشییع جەنازەکەیدا ئامادە بووم و

# بەڕێوەچوونی سیمینارێک بۆ یادی شەهیدانی مێکۆنووس

رۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣٩٢/٦/٢٤ی هەتاوی لە یەکێک لە سالۆنەکانی کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان سێمینارێک بۆ یادی شەهیدانی مێکۆنووس بەڕێوەچو کە تێیدا هەردوو بەڕێزان: کاک کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە تێکۆشەری دێرینی ناو ریزەکانی حیزبی دێموکرات باسێکیان پێشکەش کرد.

کەماڵ کەریمی لە سەرەتادا بە یادکردنەوە لە شەهیدانی بێرلین، باسێکی سەبارەت بە ئەزموونی کاری خۆی لە حیزبدا لەگەڵ هاوڕێی شەهید دوکتور شەرەفکەندی کردو لەو باسەدا ئاوڕی لە چۆنیەتی مودیریەتی ناوبراو کرد لە بەڕێوەبردنی ئەرکە پێئەسپێردراوەکانیان کە دەبوو لەلایەن هاوڕێیانی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتەوە لە هەلومەرجی سەختی خەبات و رۆژانی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ داگیر کردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە جێبەجێ بکەن.

کەریمی لە بەشێک لە قسەکانیدا گوتی: «شەهید بوونی کاک دوکتور سەعید شەرەفکەندی ڕەنگ بێ بە دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوودا، کارەساتێکی گەورەتر بوو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەگەر کاک سەعید دوای شەهیدبوونی کاک دوکتۆر قاسملوو توانی بە جۆرێک کەلێنی نەبوونی دوکتۆر قاسملووی پڕ کردەوە بۆ جاری دووهەم لانیکەم شەهیدبوونی دوو سکرتێری حیزبێک لە مەیدانی خەباتی شۆڕشگێڕیدا، ئەوا ئاسان نەدەکرا بە هۆی کەسەوە یان بە هۆی کەسانێکەوە بتوانرێ ئەو کەلێنە گەورانە یەک بە دوای یەکدا پڕ بکرێتەوە. بێگومان ڕێبەری حیزبی دێموکرات و ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، لەو سەردەمانەدا بە فیداکارییەکانی خۆیان توانییان دەوری شۆڕشگێڕیی خۆیان بگێڕن بەو جۆرەی کە ئەو نیازە دوژمن کۆماری ئیسلامی بەدوایەوە بوو، نەیەتەدی. ئەمە بۆخۆی ئومێدێکی دا بە خەڵکی کوردستان کە زانیان حیزبی دێموکرات ساحەبی ئەو تواناو ساحەبی ئەو ڕۆڵانەیە کە دەتوانێ بەدوای کارەساتی ئاوا قورسیشدا دیسان درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی بدا».

هەروەها کاک کەماڵ کەریمی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: « لەو کارەساتەدا دەزانن دوو هاوڕێی خۆشەویست و دۆستێکی حیزبەکەشمان شەهید بوون، کە جێی خۆیەتی لێرەدا یادیان بکەینەوە. کاک فەتاحی عەبدولی و کاک هومایونی ئەردەلان و کاک نوری دێهکوردی. کە لەراستیدا کاک فەتاح و کاک هومایون لەو کەسانە بوون ئەوانیش لە کادرە پێگەیشتوەکانی حیزب بوون و بە دڵنیاییەوە ئەگەر وەکوو زۆر لە شەهیدەکانی ترمان ئەگەر شەهید نەبوونایە، ڕەنگە لە داهاتووی حیزبی دێموکراتدا جێگە و پێگەی تایبەتی خۆیان هەبایە».

لەبەشێکی دیکە لە سمینارەکەدا، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە رابردوودا ئەزموونێکی زیاتری لە تێکۆشان لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی هەبووە، باسی لە بیرو بۆچوونە فیکری و سیاسیەکانی شەرەفکەندی کردو بە ئیشارە بە تیژبینی و وردبینی دوکتور سەعید لە دەرک و هەڵسەنگاندنی مەسەلە سیاسیەکاندا لە ماوەی تێکۆشانی لە ڕێبەریی حیزبدا بەرز نرخاند.

مامۆستا لە سەرەتای قسەکانیدا گوتی: «یادی ئەو شەهیدانە هاوڕێیان کاک فەتاحی عەبدولی، کاک هومایونی ئەردەلان و دۆستی زۆر زۆر سادقمان کاک نوری دێهکوردی و بە تایبەت کاک سەعید هەڵدەگرێ ڕێوڕەسمی زۆر لەوە بەشکۆتری بۆ بگرێ، بەڵام ئاواتەکانمان هەڵدەکرین بۆ ئەو ڕۆژەی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی خۆماندا بە دەیان و سەدان هەزار کەس بۆ موناسبەتی ئاوا لە دەوری یەک کۆدەبنەوە و قەدر و ڕێز دەگرن لە فیداکاری ئەو ڕیبەرانە کە گیانیان بۆ داناون.

پاشان مامۆستا باسی لە تایبەتمەندیی شەرەفکەندی کرد و گوتی: «پێم خۆشە لە خسوسیاتی دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی یەک دوو شت باس کەم کە ڕەنگە باس نەکرابێ. یەکێکیان ئەوەی پێی دەڵێن زەکاوەت، زەکای فیتری. ئەو زەکاوەتە فیترییە کە ئەمن لە دوکتۆر سادقی شەرەفکەندیمدا دیوە، تا ئێستا لە هیچ ئینسانێکمدا نەدیوە. هۆشێکی یەکجار تیژی هەبوو، بۆچوونی بۆ مەسائیل بە جۆرێک ورد و تیژ و قووڵ بوو، بەراستی بە کەمی نموونەی دەبینرا. خەسڵەتێکی دیکەی کە لەو پیاوەیدا هەبوو، ئازایەتی بوو هەم لە باری شەخسی وەکوو ئەو کاتەی کە تەنگانە دێ، خەتەری گیان هەیە، هەم لە باری ئەخلاقییەوە، ئەو وەختەی کە دەبێ لە باری سیاسییەوە نەزەری خۆی بدا. ئەمە یەکجار موهیم بوو تا ڕادەیەکی زۆریش جێگای لێ فێربوونە.

ئەوی دیکە مودیرییەت بوو. ئەمن کە لە نزیکەوە کارم لەگەڵ دەکرد، لە پاش شەهیدبوونیش بە پەرێزەکەی دا ڕۆیشتم، زیاتر مودیرییەتی ئەو پیاوەم بۆ دەرکەوت. هەم بە کۆمەکی مودیرییەتەکەی هەم بەکۆمەکی هۆشەکەی ئەگەر مەوزوعێک دەهاتە گۆڕێ، بە هەموو هاوکارەکانمان چەندمان لەبیر بوو لە حەولو حوشی ئەو مەسەلەیە کە دەبێ باسی بکەین، ئەو بە تەنێ دوو ئەوەندەی لەبیر بوو. بەڵام شتێکی دیکەی کە لەویدا زۆر بەرچاو بوو بۆیە دەبێ لەبیرمان بێ و چاوی لێ بکەین، هیچ شتێکی بە حافیزەی خۆی نەدەسپارد لەگەڵ ئەوەی کە حافیزەی لە هی هەمووومان بە قووەتتر بوو. هەموو شتێکی یادداشت دەکرد.

سروشتێکی دیکەی تایبەتی کە لە دوکتۆر سەعیددا هەبوو، پێم وابێ باس نەکراوە بەو جۆرەی ئێستا باسی دەکەم و بۆیە دەبێ لێی فێر بین، هەستکردن بە فێربوون و فێرکردنە. چەندی بۆی کرابا موتالەعەی دەکرد، لە موتالەعەشدا شتێکی سەیر بوو، یەعنی کە کتێبی بەدەستەوە دەگرت، هەر دەمدی پەڕان هەڵدەداتەوە، کەسێک ناشارەزا با دەیگوت ئەوە هەر پێی خۆشە، پەڕان هەڵداتەوە. لە حاڵێکدا ئەگەر دوایە لێت دەپرسی، مەوزوعی دەقاودەق بۆ دەگێڕایەوە. کە ئەو خەسڵەتە ئەمن بە کەمێک کەمتر لە شەهیدێکی دیکەماندا دی، جەعفەری زەمانی، دەنا لە هیچ کەسمدا نەدیوە. ئاوا سەریع بخوێنێتەوە و ئاواشی شت لە بیر بمێنێ. بەڵام لەوە موهیمتر حیسسی فێرکردن بوو، ئیسراری بوو خەڵک فێر بێ، حەتتا لە ژیانی ڕۆژانەیدا ئەگەر شتێکی تازە بۆ خۆی ڕووی دەدا، ئیسراری هەبوو بە دەوروبەریشی بڵێ و ئەوانیشی فێر کا و ئەمن لەوبارەوە هەتا دەمرم هێندێک دەرسی وی کە وەک دەرس پێی نەگوتم ئاوا بۆی باسی کردووم لەبیرمن و هەموو جارێک وەبیرم دێتەوە. ئەوانە هەموو بۆ فێربوون دەبن»

بەڕێز مامۆستا لە بەشێکی دیکەی قسەکانی لە پێوەندی لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندیدا گوتی:» شتێکی دیکە کە لەباری سیاسییەوە موهیمە، هەروەکو سیاسەتی حیزبی دێموکراتە، لە کۆنەوە تا ئێستا، بە خۆشییەوە تا ئێستاش لە ئێمەدا نەهادینە بووە، کاک سەعید هەم ئیمانی بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ کوردەکان لە هەموو جێیەکی کوردستان هەبوو، هەم باوەڕی بە هاوکاری لەگەڵ ئێرانییەکان هەبوو. ئەو وەختەی مەسڵەحەتی کورد دەهاتە پێشێ، بە جیددی مەسڵەحەتی





**عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دوکتور سەعید هۆشێکی یەکجار تیژی هەبوو، بۆچوونی بۆ مەسائیل بە جۆرێک ورد و تیژ و قووڵ بوو، بەراستی بە کەمی نموونەی دەبینرا. خەسڵەتێکی دیکەی کە لەو پیاوەیدا هەبوو، ئازایەتی بوو هەم لە باری شەخسی وەکوو ئەو کاتەی کە تەنگانە دێ، خەتەری گیان هەیە، هەم لە باری ئەخلاقییەوە، ئەو وەختەی کە دەبێ لە باری سیاسییەوە نەزەری خۆی بدا. ئەمە یەکجار موهیم بوو تا ڕادەیەکی زۆریش جێگای لێ فێربوونە.**

**ئەوی دیکە مودیرییەت بوو. ئەمن کە لە نزیکەوە کارم لەگەڵ دەکرد، لە پاش شەهیدبوونیش بە پەرێزەکەی دا ڕۆیشتم، زیاتر مودیرییەتی ئەو پیاوەم بۆ دەرکەوت.**

چوومە ئەو جێیانەش کە ئەو چووبوو. هەمووان باسیان کرد کە بڕیاری داوە ئەگەر بگەڕێتەوە کە بەداخەوە نەگەڕایەوە، مەسەلەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ حەل بکا لە پێناوی یەکڕیزی حیزبی دێموکراتدا. ئەوی دیکەیان شەڕی ئێمە و کۆمەڵە بوو. تاریخ دەبێ لەبیری بێ ئەو شەڕە لە دەورانی دوکتۆر سەعیدیدا، دیارە حیزبی دێموکرات وانیە کارەکە هەر سکرتێر بیکا، کار دەستەجەمعییە، بەڵام سکرتێر نەخشی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو شەڕە لە زەمانی کاک دوکتۆر شەرەفکەندیدا تەواو بوو. موناسباتی ئێمە کەوتە سەر ڕەوالێکی مەعقوولی خۆی. لە پێوەندیی لەگەڵ ئێرانییەکانیشدا هیچی دیکەی ناوێ، شایەت لەوە زیندووتر نیە کە دوکتۆر شەرەفکەندی حەتتا گیانی لەو پێناوەدا دانا. یانی لە جێیەک شەهید بوو کە هەوڵی دەدا ریزی ئێرانییەکان بۆ خەبات دژی جمهووری ئیسلامی یەک بخرێ.

ئێستا کە یادی دوکتۆر شەرەفکەندی دەکەینەوە، لە کوردستان هەوڵێکی جیددی، هەولێکی هەمەلایەنە لە کار دایە، بۆ کارێکی گەورە کە لە مێژە زەرورەتی هەیە و پێویستە بکرێ، لێک نزیک بوونەوەی هێزەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە.»

لە دوابەشی سمینارەکەدا مامۆستا حەسەنزادە بەکورتی باسێکی لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی و ئەو فاکتۆرانە کرد کە دەتوانێ کورد بەگشتی قازانجی لێبکا.





**کەماڵ کەریمی: ئەگەر کاک سەعید دوای شەهیدبوونی کاک دوکتۆر قاسملوو توانی بە جۆرێک کەلێنی نەبوونی دوکتۆر قاسملووی پڕ کردەوە بۆ جاری دووهەم لانیکەم شەهیدبوونی دوو سکرتێری حیزبێک لە مەیدانی خەباتی شۆڕشگێڕیدا، ئەوا ئاسان نەدەکرا بە هۆی کەسەوە یان بە هۆی کەسانێکەوە بتوانرێ ئەو کەلێنە گەورانە یەک بە دوای یەکدا پڕ بکرێتەوە. بێگومان ڕێبەری حیزبی دێموکرات و ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، لەو سەردەمانەدا بە فیداکارییەکانی خۆیان توانییان دەوری شۆڕشگێڕیی خۆیان بگێڕن بەو جۆرەی کە ئەو نیازە دوژمن کۆماری ئیسلامی بەدوایەوە بوو، نەیەتەدی**

کوردستان
ژمارە: ٦١٦
٣١ی خەرمانانی ١٣٩٢
٢٢ی سێپتامبری٢٠١٣



## چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی کومیتەی حیزب لەگەڵ بەرپرسی نووسینگەی ئەندام پارلەمانی «ئۆریگێن»ی ئەمریکا

رۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٣ی سێپتامبری ٢٠١٣، هەیئەتیکی کۆمیتەی دەڤەری «ئۆریگێن»ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چاویان بە بەرپرسی ئۆفیسی پارلمانتێرێکی ئۆریگێن، کەوت. ئەو هەیئەتەی حیزب کە لە حەسەن حاتەمی، ئەندامی رێبەریو بەرپرسی کۆمیتەی باکووریی ئەمریکا، مەحموود تاجگەردوو، بەرپرسی کۆمیتەو ئەڤین عەزیزی ئەندامی کۆمیتەو بەرپرسی پێوەندییەکان پێکهاتبوو، لەگەڵ کێڤن پۆزی، بەرپرسی دەفتەری ئێرڵ بلوومناڕ، ئەندامی پارڵمانی دەڤەری ئۆریگێن کۆبوونەوە. ئاشنا بوونو پێوەندی بەردەوام، ناساندنی پتری پرسی کورد، باس لەسەر ڕەوتی پێشێلکردنی مافی مروڤ دژی نەتەوەی کورد لە ئێران، بارودۆخی گیراوانی کورد لە زیندانەکان، کۆمەڵگاو سنوورەکان، ڕووداوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیەو بەتایبەتی تراژیدی سووریەو کێشەی کورد لەو وڵاتەو پێشێلکاری مافی کوردان کە پتر لە ٧٠ ساڵ درێژەی هەبوو، داهاتووی ئەو ناوچەیە و ئاڵوگۆڕەکان، ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆ سکرتێری حیزب بۆ باسی پرسی کورد لە پارلمانی ئۆریگێن و کۆنگرەی ئەمریکا لە واشینگتۆن دی سی، چەند تەوەرێکی باسەکانی ئەو دیدارە بوون.

## بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ڕێزلێنانی قوتابییە سەرکەوتووەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان





رۆژی هەینی ١٣٩٢/٦/٢٢ (٢٠١٣/٩/١٣) ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان ڕێورەسمێکی ڕێزلێنانی بۆ قوتابیانی سەرکەوتووی ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی ١٣٩١ — ١٣٩٢ پێک هێنا.

ئەو ڕێوڕەسمە کە بەشێکی بەرچاو لەرێبەریی حیزبو بنەماڵەکان، کادرو پێشمەرگەو مامۆستایانی خوێندنگەکان تێیدا بەشدار بوون بە مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبو راگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ریز گرتن لە گیانی شەهیدانی رێگای ئازادی کوردستان دەستی پێکرد.

لەو ڕێورەسمەدا کاک مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند وتەیەکی بەم بۆنەیەوە باس کرد. سەرەتا وێڕای پیرۆزبایی کردن لە خوێندکارانی سەرکەوتوو، هیوای خواست کە منداڵانی نێو ریزەکانی حیزب هەمیشە لە پێشەنگەکان بنو داهاتووی وڵاتیان پێ بسپێردرێ. کاک مستەفا مەولوودی روو بە ئەم خوێندکارانە گوتی: دیارە گرینگی سەرکەوتنی ئێوە منداڵانی نێو شۆڕش لەوەدایە کە سەرەڕای کەمیی ئیمکاناتی ژیانی بنەماڵەکان، بەو حاڵەش بەهیچ شێوەیەک لە خوێندن دانەبڕاون، چ لە کاتی ژیانی سەختو دژواری سەردەمی شاخو چ ئێستاش کە لەخوێندنگەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەخوێنن. بەڕێزیان سەرکەوتنی خوێندکارانی بە شانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستان زانی.

بەدوای وتەکانی جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامی ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن شیلان قوربانیفەر بەرپرسی ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەلاتی کوردستان پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا گۆرانی چۆن خاک بەجێبێڵم لە لایەن ئالان قادری یەکێک لە خوێندکارانی بەشداربوو لەم ڕێوڕەسمەدا پێشکەش کرا.

بەدوای ئەودا شانۆیەک لەژێر ناوی «هاوڕێیەتی» لەلایەن چەند قوتابیەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا پەیامی قوتابیانی ناو شۆڕش بۆ بنەماڵەکانیان لەلایەن کچەخوێندکاری سەرکەوتوو مارینا باپیری خوێندرایەوە.

دوابڕگە دابەشینی خەڵات بوو بەسەر قوتابییە سەرکەوتووەکاندا.

## پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان بە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیوەست بوون





رۆژی ٢٣ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی جێژنی کۆتایی دەورەی ٢٠٥ی سەرەتایی پێشمەرگە بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی رێبەریی حیزبو کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانیان بەرێوە چوو.

سەرەتای رێورەسمەکە بە رۆیشتنی رێژەی بەشدارانی دەورەی ٢٠٥ و خوێندنەوەی سروودی ئەی رەقیب دەستی پێکرد. پاشان دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتارێکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد.

دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە لە سەرەتای وتارەکەی‌دا وێڕای پیرۆزبایی لە پێشمەرگەکانی دەرچووی دەورەو دەستخۆشی لە بەرپرسانی فێرگەو مامۆستایانی دەورەکە، بە ئاماژە بە رابردووی پەروەردەی پێشمەرگە لە حیزبی دێموکڕاتدا، باسی تایبەتمەندیی ئەم دەورەیە بەتایبەتی لەڕووی فرەچەشنیی پێکهاتەکەیەوە کردو ئەمەی بە خاڵێکی بەهێز لە قەڵەمدا کە ئەم دەورەیە لە چەندین رووەوە فرەچەشن بوو. لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی‌دا بەڕێز حەسەن زادە وێڕای ئاماژە بە فەلسەفەو ئامانج لە پەروەردەی نیزامی لە هەلومەرجی ئێستای خەباتدا، باسی ئەوەی کرد کە سەرەڕای پێویستیو بەجێبوونی پەروەردەی نیزامیی رۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو قۆناغێکی خەباتدا، لایەنی هەرە گرینگو بەرچاو لەو جۆرە دەورانەو بەگشتی لە بەرنامە پەروەردەییەکانی نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەروەردەی فیکریو سیاسییە.

هەر لەو بەشەدا، سەبارەت بەو تانانەی جاروبار هێندێک کەسو لایەن لە پەروەردە لە حیزبی دێموکڕاتی‌دا دەدەن، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات وێڕای پێداگری لەسەر پێویستیی هەبوونی بەرنامەی بەردەوامو بەنێوەرۆکی پەروەردەو راهێنان کە لەگەڵ پێویستیو دەرفەتەکانی سەردەمی نوێ گونجاو بێ، گوتی بەشێکی ئەم رەخنەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەروەردە لە حیزبی دێموکڕاتدا پەروەردەیەکی وشکو دەمارگرژ نەبووەو رایگەیاند کە ئێمە شانازی بەمە دەکەین کە حیزبی دێموکڕات لە بەرنامە پەروەردەییەکانی خۆی‌دا هەرگیز بەدوای ئەوەدا نەبووەو نابێ کە کۆیلەی فیکری دروست بکاو شەخسیەتو ئازادیی بیرکردنەوە لە ئەندامەکانی ناستێنێتەوە.

لە کۆتایی قسەکانی‌دا، دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە روو بە بەشدارانی دەورەی ٢٠٥ ی سەرەتایی پێشمەرگە وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ ئەوان لە ژیانی حیزبایەتیو نیشتمانپەروەرییان‌دا، ئەوانی هان دا کە ئەو دەورەیە بکەنە بنەماو سەرەتایەک بۆ خۆپەروەردە کردنی زیاترو گێڕانی نەخشی گونجاو و کارا لە خزمەت بە حیزبو نەتەوەکەیان‌دا، بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا کە هەلومەرجێکی هەستیارەو پێویستە کارێک بکرێ کە کوردی رۆژهەڵاتیش ببێتە بەشێکی ئەکتیڤو چارەنووسسازی فاکتەری کوردی لە ناوچەدا.

بەدوای ئەودا چەند سروودو گۆرانی کە لە لایەن بەشدارانی دەورەکەوە وبە هاوکاریی کۆڕی هونەری ئامادە کرابوون پێشکەش بە بەشداران کران . دواتر خەڵات بەسەر سەرکەوتوانی دەورەی ٢٠٥ی فێرگەی سیاسی نیزامی‌دا دابەش کرا.

## بەڕێوەچوونی سمینارێک لە رۆژئاوای کانادا





رۆژی شەممە، ٧ ی سێپتامبری٢٠١٣، لە دەڤەری ڤانکووڤێر لە لایەن کۆمیتەی رۆژئاوای کانادای حیزبی دێموکراتی کوردستان، سمینارێک بۆ هاوڕێیان مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو حەسەن حاتەمی، ئەندامی رێبەریو بەرپرسی کۆمیتەی باکووری ئەمریکا پێک هات.

ئەو سمینارە بەسروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی نەمرانی رێی ئازادی کوردو کوردستان، دەستی پێکردو دواتر ئەنوەر کەریمی، بەرپرسی کۆمیتەی رۆژئاوای کانادا وێرای بەخێر هێنانی گەرمی بەشدارانو ئەندامانی رێبەری حیزب وتەیەکی کورتی لەبارەی سیمارەکە پێشکەش کرد.

لەو سمینارەدا مستەفا شەڵماشی قسەکانی خۆی بە یادێک لە شەهیدانی رێبەر، قازی، قاسملوو و شەرفکەندیو تێکۆشەری نەمر مەلا ئاوارە دەست پێکرد کە ٢ی سێپتامبر ساڵرۆژی ئیعدام کرانی بوو.

تەوەرکانی باسەکەی کاک مستەفا بەریتی بوون لە: ململانێو شەڕو بارگرژی‌یەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست، ئەنجامەکانی راپەڕینی وڵاتانی عەربی، میسرو سووریە وەک دوو نموونەی پڕ رووداو و نەخشی ئیسلامی سیاسیو سێکۆلاریزمی بێ دێموکراسی، مەسەلەی کورد لە نێو ئاڵوگۆڕەکان داو، زمانی دیپلۆماسیو زمانی رەقابەتی سالم، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.

دوای بەڕێز شەڵماشی، کاک حەسەن حاتەمیش لەو سمینارەدا چەند تەوەرێکی پێشکەش کرد لەسەر: ناتەبایی جمهووریەتو ویلایەت لە ئێران، سیستێمی ئالۆزی کۆماری ئیسلامی، یازدەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریو و چوارمین دەورەی شووڕاکان لە ئێران و....

شایانی باسە لەو سمینارەدا ژمارەیەک لەهیزە سیاسی‌یەکانی کوردستانو پتر لە ١٠٠ کەس لە کوردانی دانیشتووی رۆژئاوای کانادا بەشدار بوونو دوایین بەشی سمینارەکەش بۆ پرسیارو رەخنەی بەشدارانو وەڵامی کۆڕگیڕەگان تەرخان کرابوو.

## کۆبوونەوەی کومیتەکانی حدک و یەکیەتیەکانی ژنانو لاوان لە دەڤەری ئۆریگێن،



شەوی پێنجشەممە ٥ی سێپتامبری ٢٠١٣، ئەندامانی کۆمیتەی دەڤەری ئۆریگێنی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، هاورێ لەگەڵ کۆمیتەکانی ژنانو لاوان کۆبوونەوەیەکیان بە بەشداری بەڕێزان کاک مستەفا شەلماشیو حەسەن حاتەمی لە شاری بیڤرتۆن پێک هێنا.

سەرتا کۆبونەوە بە خولەکێک بێ دەنگی بۆ نەمرانی رێی ئازادیی کوردو کوردستان دەستی پێکرد. پاشان کاک مەحموود تاجگەردوون بەرپرسی کۆمیتە، داوای لە بەڕێز شەڵماشی کرد باسێک پێشکەش بکا.

کاک مستەفا وێڕای دەبڕینی خۆشحاڵی خۆی بۆ ئامادەبوونی لەنێو ئەو کۆمەڵە تێکۆشەرەدا، لە بەشێک لە قسەکانی‌دا وتی: ئێمە لە دەرەوەی وڵات پێویستە هەمیشە کوردستانمان لە یاد بێو هەوڵ و تیکۆشان بۆ ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئامانجمان بێ. بۆ ئەو مەسەلە گرینگە هەوڵ بدەن پێوەندییەکانتان لەگەڵ ئەمریکاییەکان بەتایبەتی لاوان پتر بێ، چونکە دەتوانێ یارمەتیدەری باش بۆ ناساندنی کورد بەوانو ناسینی ئەوان بە کۆمەڵگای کوردی، بەتایبەتی ئەوکەسانەی دەبنە دۆستی کوردو پشتیوانی لە مافەپێشل کراوەکانی نەتەوەکەمان دەکەن.

بەڕێز شەڵماشی لە درێژەی قسەکانی‌دا گوتی: کورد بەگشتیو کوردی رۆژهەڵات بە تایبەتی لە ئەمریکاو کانادا (باکوری ئەمریکا)، پێویستە پتر خۆ بە بەرپرسیار بزانو لە هەر شوینێکی ئەمریکا دەژین، چالاک بن، چونکە پێوەندی گرتن بە داموەزگاکانی دەوڵەتی ئەمریکاو سەناتۆڕەکان، خەباتە ڕەواکەمان باشتر دەناسێنێ.

دواتر کاک حەسەن حاتەمی بە نەقڵ لە جێم کەریجانسن، پارڵمانتاری کانادایو دۆستی ناسراوی کورد، کە لە ڕێوڕەسمی یادی ٦٨مین ساڵ رۆژی دامەزرانی حدک لە تۆرۆنتۆ قسەی کردبوو گوتی: «هەموو ئەو کوردانەی لە دەرەوەی وڵاتن، بەتایبەتی لە باکووریی ئەمریکا، لە داهاتوودا باشتر دەتوانن دیفاع لە مەسەلەی کورد بکەن. لاوانو منداڵان دەتوانن لە ریزی پێشەوەی ئەو کارە گرینگە بن، ئەگەر زمانی دایکیان باش بزانو دایکو باوکان یارمەتیان بدەنو بە تێکەلاوکردنی باشترینەکانی کلتورەکانی هەردوولا خۆیان تەیار کەن.

دوای قسەکانی شەڵماشیو حاتەمی، زۆربەی بەشداران سەبارەت بە هەوڵەکانی خۆیان بۆ چالاکی بەردوام دوانو رێگاگەلی جۆراوجۆریان بۆ کارکردنو شوێن دانانیان لەو دەڤەرە باس کرد.

## کۆبوونەوەی کومیتەی سویسی حیزب لەگەڵ ڕێکخراوی مافی مانەوە

کومیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوی مافی مانەوە کە ڕێکخراوەیەکی سویسی بۆ داکۆکی لە مافی پەناخوازو پەنابەران لەو وڵاتەیە، کۆ بۆوە. بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی ڕاگەیاندنی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر داواکاری ڕێکخراوی مافی مانەوە، ئێوارەی ڕۆژی ١٢ی سپتامبر هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان به سەپەرستیی زاهید شاعیری، بەرپرسی کومیتەی سویسی حیزب لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەیە کۆبوونەوە. لەو چاوپێکەوتنەدا ڕێکخراوی مافی مانەوە وێڕای باسی کارو چالاکی‌یەکانی خۆیان لە وڵاتی سویس، باسی لەو زوڵمو نابەرابەریانە کرد کە وڵاتەکەیان بەرابەر بە پەناخوازان و تەنانەت پەنابەرەکان دەیکەن. هەیئەتی حیزب لەو دیدارەدا ڕاپۆرتێکی لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی باس کردو ئاماژە بەوە کرا کە بۆچی خەڵکی کورد ڕێگای هەندەران دەگرنە بەر. هەیئەتی حیزب داوای لە ڕێکخراوی ناوبراوو کۆڕ و کۆمەڵە هاوشێوەکان کرد کە پشتیوانی لە کێشەی کورد بکەن.

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەک بۆ باس لەڕێکارەکانی بووژانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان





لە کۆبوونەوەیەک باس لەڕێکارەکانی بووژانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا، پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ١٩ی خەرمانان لە بنکەی ناوەندی سێی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی تێکۆشەران‌و ئەندامانی حیزب لەو ناوەندە بەڕیوەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا، قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، باسێکی سیاسیی پێشکەش کرد.

ئەندامی دەفتەری سیاسی، لە سەرەتای باسەکەی‌دا ئاوڕی لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات‌و تێکۆشانی ئەو حیزبە دایەوەو ڕۆڵی حیزبی دیموکرات لە بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی هێنایە بەر باس.

لە دریژەی ئەو باسەدا، قادر وریا کەوتە خەسارناسی‌و دەستنیشانکردنی هۆیەکانی داکشان‌و پاشەکشەی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا.

بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە کۆتایی باسەکەی دا، چووە سەر ڕێکارەکانی بووژانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستان کە بریتی بوون لە هەلسەنگاندنی رەخنەگرانەی لاوازی‌و کەموکوڕییەکانی رابردوو و دەرس لێوەرگرتنیان، بەستێنسازی بۆ یەکیەتی‌و یەکگرتوویی‌و هاوخەباتیی هیزو لایەنەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، خستنە رووی بەرنامەو پلاتفۆرمی هاوبەش‌و گرتنەبەری شێوازە ئەمڕۆییەکانی خەبات بە سەرنجدان بە پوتانسیەل‌و زەرفییەتە جۆراوجۆرەکانی خەبات لە نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان‌دا.

لە بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، ئامادەبووان بە پێشنیارو پرسیارو ڕەخنەو سەرنج و تێبینییەکانیان بەشداری باسەکە بوون‌و دەوڵەمەندیان کرد.

## لە سۆئێد سیمینارێک بەبۆنەی ٢١ساڵەی تێرۆری دوکتور سەعیدو هاورێیانی بەڕێوەچوو

ڕۆژی شەممە ٢١ی سێپتامبر بەرامبەر بە ٣٠ی خەرمانانی ١٣٩٢ بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ژنان‌و پیاوانی دێموکرات‌و هۆگرانی بیرو ئامانجەکانی دوکتور شەرەفکەندی سمینارێک لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو، کە لەوێ‌دا بەڕێزان دوکتور ئاسۆ حەسەن‌زادە، خەدیجە مەعزور ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب‌و ڕۆئیا حەکاکیان نووسەری کتێبی قاتڵانی کۆشکی فیروزە، لەسەر ڕووداوی تیرۆری میکۆنووس‌و کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی‌و قوربانیانی ئەو تیرۆرە وتارو بابەتیان پێشکەش کرد.







## بەرێوەچوونی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ لە وڵاتی نۆروێژ





ئێوارەی ڕۆژی هەینی رێکەوتی ٦ی سێپتامبری ٢٠١٣ کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ بە هاوکاری یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکرات، شەست‌وهەشتەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان جیژن گرت.

لەو جێژنەدا ژمارەیەکی زۆر لە دۆستان، لایەنگران‌و ئەندامانی حیزبەکەمان بۆ ڕێز گرتن لەو ڕۆژە پیرۆزە لە مێژوویی خەباتی سیاسی گەلەکەمان‌دا کۆ ببوونەوە. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاویش لە نوێنەری حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی‌و نۆروێژی بەشدار بوون.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی « ئەی رەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە رووحی پاکی شەهیدانی کوردوکوردستان دەستی پێ‌کرد. دواتر پەیامی کۆمیتەی نۆرویژی حدک لە لایەن ئەسعەد خزری، بەرپرسی کۆمیتە پێشکەش کرا کە تێی‌دا وێرای پیرۆزبایی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئاماژەی بە شێوەی دامەزراندنی حیزب‌و رۆڵ و هەوڵی پێشەوای نەمر قازی محەممەدی لە دامەزراندنی حیزب کرد کە نوختە گۆرانێکی گرینگ بوولە خەباتی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بە گشتی‌و گەلی کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە بەشێکی دیکەی پەیامی کۆمیتەی حیزب لە نۆروێژ هاتبوو» حیزبی دێموکرات لە ماوەی تەمەنی ٦٨ ساڵەی خۆی دا زۆر قۆناغی دژوارو هەستیاری تێپەر کردووە، بەڵام لە هەمووکات‌دا رێبەریی ئەو حیزبە هەوڵی داوە وەک هێزێکی نەتەوەیی، سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و هەوڵی داوە لە رێگای دیپلۆماسیی خۆیەوە کێشەی سیاسی نەتەوایەتی گەلی کورد بە گشتی بباتە نێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیەکان.

لە بەشێکی دیکەی پەیامی کۆمیتەی نۆروێژدا وێرای باسێکی گشتی لە سەر دەسکەوت و تێکۆشانی بەشەکانی کوردستان، هەڵسەنگاندنی وەزعی ئێستای ناوچەکەو بەستنی کۆنگرەی نەتەوەی کورد کرا.

دوای خوێندنەوەی پەیامی کۆمیتە، سروودی « گەلاوێژ هاتی قەدەمت خێر بێ» لە لایەن کۆری هونەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ، ناوی ئەو حیزب‌و رێکخراوانەی کە بەشداربوون‌و پەیام‌و بروسکەو دەستەگوڵیان بەو بۆنەوە ناردبوو، خوێندرایەوە کە بریتی بوون لە:

پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ، کۆمەڵە ـ رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پارتی سەربەخۆیی کوردستان ،پارتی ئازادی کوردستان، کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆروێژ، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و کۆمەڵەی کولتووری کوردی.

لە حیزبە نۆروێژییەکانیش، حیزبی کار، حیزبی سوسیالیستی چەپ، حیزبی راست ،حیزبی دێموکرات مەسیحی بەشداری ئەو رێورەسمەبوون و پەیامی پیرۆزباییان پێشکەش کرد.

دوابرگەی رێورەسمەکە تەرخان کرابوو بۆ گۆرانی‌و هەڵپەرکێ کە بە دەنگی هونەرمەندی دەنگ خۆش، شۆرش بۆکانی جێژنەکەی زیاتر رازاندەوەو تا کاتژمێر ١٢ی شەو شایی‌و هەڵپەرکێی بەشداران درێژەی هەبوو.

## کۆچی دوایی مام ساڵح باڵەکی



دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٤ ی خەرمانان مام ساڵح باڵەکی، باوکی تێکۆشەری دێمۆکرات کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەهۆی نەخۆشی ماڵئاوایی لە ژیان کردو لە نێو کۆڕی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەزارگەی شەهیدانی حیزب بە خاک سپێردرا.

مام ساڵح ساڵی ١٣٠٧ لە گوندی قادراوی سەر بەشاری مەهاباد لە دایک بووەو هەر لەتەمەنی مێرمنداڵی‌دا باوکی لەدەست داوەو بەتەنیا ئەرکی قورسی سەرپەرستیی بنەماڵەی خۆیانی کەوتۆتە سەر شان.

مام سالح لەبەر ئەوەی هەردوو کورەکانی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات‌دا و لە بەرەکانی شەر دژی کۆماری ئیسلامی خەباتیان دەکرد، بە دەیان جار لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە گیرا و ئەشکەنجە دراو، لەو نێوەدا بەکرێگیراونی ڕێژیم لە کوردستان لەهەر شوێنێک بەدەست پیشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتەوە زەبریان وێ دەکەوت، مام ساڵحیان دەگرت‌و ئەشکەنجەو ئازاریان دەدا، هەر بۆیەش تا کۆتایی ژیانی بەدەستی ئازارو ئەشکەنجەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران‌و کاربەدەستانی‌یەوە دەیناڵاند، بەڵام ئەشکەنجە و ئازاری دوژمن هیچ کات مام ساڵحی لە ڕێگای ڕزگاری لانەدا، تا ئەوەی کار گەیشە دەرکردنی لە خاکی نیشتمان‌و مام ساڵح بە ناچاری چووە باشووری کوردستان.

لەو ڕووداوەدا هاوسەری مام ساڵح کە ئەویش دوای دەرکرانی مام ساڵح لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە بانگ دەکرا، لەڕێگای چوون بۆ قەندیل بۆ بارەگاکانی حیزبی دێموکرات بە ڕووداوی وەرگەڕانی ماشێن گیانی لە دەست‌داو مام ساڵحی بە تەنیا بە جێهێشت.

بەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ٢٥ ی خەرمانان بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشیی مام ساڵح باڵەکی بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە وتەیەکی کورت‌دا لەسەر ژیان‌و کەسایەتیی مام ساڵح باڵەکی دواو دواتر کاک عومەر باڵەکی، بە نوێنەرایەتیی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مام ساڵح، سپاسی بەشداریی خەڵک لە بە خاکسپاردن‌و پرسەی باوکی‌دا کردو بە کورتی لەسەر چەند لایەنێکی ژیانی باوکی دوا.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش بەو بۆنەیە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری مام ساڵح دەکا.

**شەهیدبوونی د. سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانیو باقیی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی بەسەردا تێپەڕیوە بەڵام هەروا لە ویژدانی کورددا زیندوونو لەبیر ناکرێن. قاتڵەکان کێ بوون گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕێژیمەی کە تێرۆریزم بەشێک لە سیاسەتو تاکتیکەکانیەتی هەروا لەسەر کارەو هەروا بۆسەر ئازادیخوازانی دەرەوەو نێوخۆو ئاشتی لە ناوچەو جیهاندا، هەڕەشەیە.**

# بەیاننامە

## بە بۆنەی ٢١ ساڵەی تێرۆری د. سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانی

### گەلانی ئازادیخوازی ئێران!
### خەڵکی مافخوازو تێکۆشەری کوردستان!
### دۆستانولایەنگرانی دۆزی ڕەوای کورد!

٢١ ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢)دا د.سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، فەتاحی عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب، هومایوونی ئەردەڵان بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە ئەڵمانو نووری دێهکوردی ئازادیخوازی ئێرانی لە شاری بێرلین پێتەختی وڵاتی ئەڵمان بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران.

ئەم کارەساتە کە لە ڕێستورانێکدا بە ناوی میکۆنووس ڕووی داو بە ڕووداوی میکۆنووس ناوبانگی دەرکرد، زەبرێکی قورس بوو بۆ بزووتنەوی ئازادیخوازانەی ئێرانو کوردستان بە گشتیو حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی، چونکە جگە لەوەی د. سادقی شەرەفکەندی ڕێبەرێکی لێهاتوو و بە بڕشت بوو، هێشتا تەمی لەدەستدانی د. قاسملووی نەمرو هاوڕێیانی کە سێ ساڵ پێشتر ئەوانیش بوونە قوربانیی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لەسەرحیزبی دیموکراتو گەلی کورد لانەچووبوو. هەرچەند تێرۆریستانی کارەساتی میکۆنووس لە لایەن دەزگای قەزایی ئەڵمانەوە موحاکەمەو زیندانی کرانو ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی وەک بڕیاردەری ئەم تێرۆرە بە بیروڕای گشتیی جیهان ناسێنرانو ریسوا کران، بەڵام زەرەر و زیانەکانی ئەم کارەساتە بۆ گەلی کورد و حیزبی دیموکرات بە ئاسانی قەرەبوو نابێتەوە.

### گەلی ستەملێکراوو مافخوازی کورد!
### خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!

ئەمساڵ لە بەرەبەری ساڵڕۆژی تێرۆری د. سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانیدا هاشمیی ڕەفسەنجانی کە لە کاتی ڕووداوی میکۆنووسدا سەرکۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، لە لێدوانێک دا تێرۆری میکۆنووسی بە کاری چەند کەس مۆرەی سەرەڕۆ (عوامل خودسر) لە قەڵەم دا. جێگای وەبیر هێنانەوەیە ئەو داموودەزگا تێرۆریستییەی تێرۆری میکۆنووسو دەیان کردەوەی تیرۆریستیی دیکەی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات ئەنجام دا، لەسەردەمی سەرکۆماریی محەممەدی خاتەمییشدا درێژەی بە کۆشتاری جیابیرانو ئازادیخوازانی ئێران داو پاییزی ١٣٧٧ ژمارەیەک نووسەر و ڕووناکبیری کردە قوربانی کە بە قەتڵە زنجیرەییەکان ناوبانگی دەرکرد. ئەو کاتیش ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ژێر فشاری بیروڕای گشتیی نێوخۆو دەرەوەدا ناچار بوون ئەم تێرۆرانە بە کاری کەسانی سەرەڕۆ لە قەڵەم بدەن. لێدوانی ڕەفسەنجانی لەسەر ڕووداوی میکۆنووس لەم بارەیەوە جێی سەرنجە کە ئەگەر چی بە درەنگەوە بەڵام لە هەر حاڵ دا، دانی بەوەدا ناوە « کەسانێک» لە نێو کۆماری ئیسلامیدا ئەم جینایەتەیان ئەنجام داوە. بەڵام ئەوەندە داننانە، بە بێ لەقاودانی زۆر ڕاستیی دیکەی پێوەندیدار بە کار و هەڵسووڕانی ماشێنی تێرۆر و سەرکوت لە کۆماری ئیسلامیدا، هاشمیی ڕەفسەنجانی لە تاوانە تێرۆریستییەکانی سەردەمی سەرکۆماریی خۆی، تەبرەئە ناکا.

. قاتڵەکان کێ بوون گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕێژیمەی کە تێرۆریزم بەشێک لە سیاسەتو تاکتیکەکانیەتی هەروا لەسەر کارەو هەروا بۆسەر ئازادیخوازانی دەرەوەو نێوخۆو ئاشتی لە ناوچەو جیهاندا، هەڕەشەیە.ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە کە بڕیاردەری تێرۆرەکان بوون هەروا لەسەر کارنو دەمڕاستی سەرەکیی ئەم ڕێژیمەن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان پێی وایە پەرەگرتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لەنێوخۆی وڵاتداو چاوکراوەییو وشیاریی چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران توانیویانە لە هێندێک بواردا پاشەکشە بە تێرۆریزمی دەوڵەتی لە کوشتنی موخالیفان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتدا بکەن، هەر چەند جارێ نەیانتوانیوە گۆڕانێک لە ماهییەتو نێوەڕۆکی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمەدا پێک بێنن. ئەم بزووتنەوە ئازادیخوازانەیە لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٧٠وە بە شکڵو شێوەی جۆراوجۆر خۆی نواندوە، لە ڕاپەڕینو خۆپێشاندانەکانەوە بگرە تا بەشداریی ئامانجدار لە هەڵبژاردنەکانی خودی ڕێژیمدا کە دەنگەکانیان بە چەشنێک دەدەن بە ئاشکرا بۆنی ڕەتکردنەوەو نەفیی کاربەدەستانو بڕیاردەرانی سەرکیی ڕێژیمیان لێ دێ. ئەم تاکتیکە لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦دابە هەڵبژاردنی محەممەدی خاتەمیو لە هەڵبژاردنی حەسەنی ڕووحانی لە ٢٤ی خەرمانانی ئەم ساڵدا بە ڕوونی دیارە. ئەم بزووتنەوە ئازادیخوازانەیە لە درێژەو ڕەوتی خۆیدا ڕەنگە شێوەو تاکتیکی جیا بە خۆیەوە بگرێ، بەڵام بێگومان هەر دەچێتە پێشو ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ قووڵ دەبێتەوەو پاشەکشەی زیاتر بەو ڕێژیمە دەکا. گیروگرفتی سەرەکی لەم پێوەندییەدا ئەوەیە کە بەو جۆرەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەرەوە پەرشو بڵاونو هاوکاری وهەماهەنگییان لەنێودا نیە، بەوجۆرەش لێک تێنەگەیشتن لە نێوان بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نێوخۆو ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵاتدا هەیە. ئەگەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئەو بزووتنەوەیە دەرک بکەنو لێی تێبگەن، بێگومان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بزووتنەوەی خەباتگێڕانەو ئازادیخوازانەی ئێران لە نێوخۆو دەرەوە بە تێکڕا لە لایەکو تەریکو تەنیا مانەوەی ڕێبەرانو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیو ڕێژیمەکەیانو لە کۆتاییدا یان دەبێتە هۆی ڕووخانی ئەم ڕێژیمە یان دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم ڕێژیمە نەتوانێ بە شێوەی ئێستای درێژە بە ژیانی خۆی بدا.

### خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

حیزبی دیموکراتی کوردستان سێ ڕێبەری بە دەستی ڕێژیمەکانی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامی شەهید بوونو دەیان ئەندانی ڕێبەریی لە مەیدانو لە سەنگەری خەباتدا لەدەست داونو بە هەزاران تێکۆشەری دیکەی بوونە قوربانی. هەرچەند برینی ئەو هەمووە قوربانییە لەسەر جەستەی کورد سارێژ نابێتەوە بەڵام دوژمنانی کورد لەگەیشتن بە ئامانجەکانیاندا ناکام بوون کە بریتییە لە کپکردنی خەباتی نەتەوایەتیو ئازادیخوازانەی کورد. حیزبی دیموکراتی کوردستان هەروا لە مەیدان دایەو بێگومان یەکێک لە کاریگەرترینو مەترەحترین هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە لە ئێراندا بەگشتیو لە کوردستاندا بەتایبەتی. حیزبی دیموکراتی کوردستان هەروا سوورە لەسەر ڕێبازو ئامانجەکانی نەمر د. سادقی شەرەفکەندیو ڕێبەرانی شەهید قازیو قاسملوو. کاروانی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەموو هەورازو نشێوەکانیەوە تا وەدیهاتنی ئاواتو ئامانجی د. سادقی شەرەفکەندیو هەموو شەهیدانی کوردستان درێژەی هەیە.

**سڵاو لە گیانی پاکی د. سادقی شەرەفکەندی، فەتاحی عەبدولی،هومایوونی ئەردەڵانو نووری دێهکوردی.**

**ڕسوایی بۆ ڕێژیمی تێرۆریست و تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی.**

**سڵاو لە خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان ئەوانەی سەرچاوەی شۆرشنو هەرگیز نایەڵن سەنگەری شەهیدەکانیان بەتاڵ بمێنێتەوە.**

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٢ (١٧ی سێپتامبری ٢٠١٣)**



**حیزبی دیموکراتی کوردستان پێی وایە پەرەگرتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لەنێوخۆی وڵاتداو چاوکراوەییو وشیاریی چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران توانیویانە لە هێندێک بواردا پاشەکشە بە تێرۆریزمی دەوڵەتی لە کوشتنی موخالیفان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتدا بکەن**

**شەهیدبوونی د. سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانیو باقیی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی بەسەردا تێپەڕیوە بەڵام هەروا لە ویژدانی کورددا زیندوونو لەبیر ناکرێن**

کوردستان
٦
ژمارە: ٦١٦
٣١ی خەرمانانی ١٣٩٢
٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٣
مافی مرۆڤ

کەمپەینی داکۆکی لە بەندییە سیاسیو مەدەنییەکان ڕەخنەی لە بێدەنگیی کۆڕو کۆمەڵە نێودەولەتییەکان، دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕێکخراو و ڕەوتە سیاسییەکان لە پیوەندی لە گەڵ بارودۆخی بەندییە سیاسییە کوردەکاندا گرتووە نارەزامەندیی خۆی لە هەڵوێستی تێکەڵ بە هەڵاواردنی ئەوان بەرامبەر بە بەندییە کوردەکان دەربڕیوە

گومانی تێدا نیە بێ لە گۆڕیدابوونی بزووتنەوەی چینو توێژ و بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ و پێداگرتنو شێلگیربوونیان لە سەرمافو ئازادییە زەوتکراو و ویست و داخوازە سەرکوتکراوەکانیان، بێ هاتنەوە مەیدانی خەلک لە دەرفەتەکانی داهاتوودا و سەرخستنی ئیرادەی خۆیان بە سەردەسەلاتدارانّدا، بەڵێنەکانی روحانیو چاوەڕوانیی پێکهاتنی گۆڕان لە سیاسەتەکانی تا ئێستای کۆماری ئیسلامی، نایەنە دیو دەکەونە ژێر ژیلەمۆی فەرامۆشی.

قادر وریا

# بەندییە کوردەکان لە بۆتەی فەرامۆشیدا

ئامادە کردنی :ب.هیوا

ژمارەیەک لە راگەیەنەکانو کۆمەڵێک رێکخراوی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، چارەنووسو بارودۆخی جیی مەترسی ژمارەیەک بەندکراوی سیاسیی کوردو هەروەها کۆمەڵێک چالاکی بەندکراوی سوننی مەزهەبیان، خستۆتە بەر سەرنجی بیرورای گشتی.

لە راپۆرتی ستادی ناوەندیی کەمپەینی داکۆکی لە بەندییە سیاسیو مەدەنییەکان‌دا ئاماژە بە بارودۆخی دڵتەزینی ژمارەیەک بەندکراوی کورد کراوە. ئەفشین سۆهراب‌زادە یەک لەوانە. ناوبراو بەندییەکی سیاسیی کوردە کە لە بەندیخانەی میناب دایە. ئەو بەندییە لە رۆژی ١٦ی خەرمانانەوە، مانی لە خواردن گرتوە. لە سەرەتاکانی مانگی گەلاوێژدا خوێنرێژیی نیوخۆییو ئێشو ژانەکانی ناوبراو بە ڕادەیەک زیادی کرد کە بەرپرسانی بەندیخانە بۆ یەکیک لە نەخۆشخانەکانی شاری بەندەرعەبباس رایانگوێست، بەڵام لەوێ بەو بەندییە کوردەیان کوت کە تێچووی خەواندنو نەشتەرگەریی ئەویان نیەو چەند ڕۆژێک لەوێ رایانگرتو تەنیا دەرزیی بە هیزی ئازارشکێنیان لێدا کە تەنیا دەردەکەی کەم دەکاتەوە. ئەو بەندییە کوردە هەر ئێستا بەم وەزعە جەستەییە دڵتەزێنەووە لە بەندیخانەی میناب دایەو پیویستیی بە چارەسەری بە پەلە هەیە.

لە راپۆرتەکەدا ناوی ژمارەیەک بەندیی دیکە هاتوە کە ماوەیەکی زۆرە بارودۆخیکی جەستەیی دڵتەزێنیان هەیەو هەر وا چاوەڕوانن بۆ ناوەندێکی دەرمانی بگوێزرزێنەوە، بەلام هیچیان بۆ نەکراوە.

عەلی ئەفشاری، زیندانیی سیاسیی بە ئێعدام مەحکوومکراوی کورد کە لە بەندیخانەی ناوەندیی ورمێیە، ماوەیەکی زۆرە بە دەست زیاد کردنی چڵک لە هەناوی‌دا دەناڵێنێ. بەڵام مەئموورانی ئیتلاعاتو قازیی پەروەندەکەی ڕێگری لە بدەرمانکردنی ناوبراو دەکەن.

«زانیار مرادی» یەکێکی دیکە لە بەندییە سیاسییەکانی کوردە، لە بەندیخانەی رەجایی شاری کەرەجەو بە ئێعدام مەحکووم کراوە. ناوبراویش لە بارودۆخیکی زۆر خراپی جەستەیی دایە. بەرپرسانی بەندیخانە پێشی برانی ناوبراو بۆ نەخۆشخانەیان گرتوە. زانیار لە ئاکامی ئەشکەنجەو لێدانی نێو زیندان‌دا تووشی زیانپێ‌گەیشتنی جەستەیی بڕبڕەی پشت بووەو پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە. ئەو بەندییە پێی‌راگەیەندراوە کە نەشتەرگەریی ئەو، ١٥ میلیۆن تمەنی تیدەچێو ناوبراو دەبی بۆ خۆی ئەو بڕە پوولە بدا. بەڵام بنەماڵەی ئەو بەندییە ئەو پوولەیان نییە.

بەندییەکی دیکەی کورد کە بارودۆخێکی جەستەیی خراپی هەیەو بە دەست چاوئێشەو ئازاری گورچیلەوە دەناڵێنێ، ڕەشید ئاخکەندییە. ناوبراو ٥٦ساڵ تەمەنی هەیە، خەڵکی سەقزە، لە ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٧ەوە لە لایەن لقی یەکی دادگای شۆڕشی سەقز بە سەرۆکایەتیی قازی شەقایەق بە تاوانی دژایەتیی خواو ئەندامەتیی یەکێک لە حیزبە کوردە دژبەرەکان، بە ئێعدامو سێ ساڵ دوورخرانەوە بۆ بەندیخانەی میناب مەحکووم کراوە. دوای ئەوەی پارێزەرەکەی بە ناوی سەعید شێخی، نارەزایەتیی لەو حوکمە راگەیاند، پەروەندەکەی بۆ لقی٥ی چاوپێداخشاندنەوەی پارێزگەی سنە ناردرا.



لە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٨ ئەم حوکمە تەئیید کرا. دوای ئەوەی جارێکی دیکە نارەزایەتی لەم حوکمە راگەیەندرایەوە، پەروەندەکە بۆ لقی ٨ی دیوانی بەرزی وڵات ناردراو لە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٨٨، حوکمی ئێعدام تەئیید کرایەوە.

ناوبراو لە گەڵ ئێشو ئازاری ڕۆژبەرۆژ زیاتری چاوئێشەو چلککردنی گورچیلەکانی دەناڵێنێو هیچ هەوڵێکیش بۆ پێڕاگەیشتنو دەرمانکردنی نەدراوە.

عەدنان رەشیدی، بەندییەکی سیاسیی دیکەی کوردە کە لە بەندیخانەی مەریوان دایەو سەرەرای بارودۆخی خراپی جەستەیی‌و فەلەج بوونی هەموو ئەندامانی جەستەی، هێشتا نەیتوانیوە پارێزەری هەبێ. ناوبراو ٦ مانگە لەلایەن کاربەدەستانی بەندیخانەوە هاتوچۆی نەخۆشخانەکانی بووعەلی‌و فەجری مەریوان، نەخۆشخانەکانی تەوحیدو قودسی سنەو کلینیکە پزیشکییەکانی تارانی پێ‌دەکرێ. کۆمیسیۆنی پزیشکی قانوونیی پاریزگەی سنە رای گەیاندوە کە ئەو بەندییە توانای مانەوە لە بەندیخانەی‌دا نیە. بەو حالەش چەندین جار داوای ئازادیی مەرجداری ناوبراو لە لایەن کاربەدەستانی قەزایی پاریزگە، رەت کراوەتەوە.

کەمپەینی داکۆکی لە بەندییە سیاسیو مەدەنییەکان لە درێژەی راپۆرتەکەی خۆی‌دا رای گەیاندوە کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤو رەفتاری دژەمرۆییانە لە گەڵ چالاکانی کورد هەر بەوەندە نابڕیتەوەو زۆر نموونەی دیکەی لەو چەشنە هەن .



تیرۆری دەوڵەتی، ئێعدام، بڕینەوەی ماوەی زۆری زیندانو هتد لەو کردەوەو رەفتارانەن کە بەردەوام لە دژی نەتەوەی کوردو چالاکانی ئەو نەتەوەیە، بە کار هینراون.

هاوکات لە گەڵ ئەم دادخوازییەی کەمپەینی داکۆکی لە بەندییە سیاسیو مەدەنییەکان، کۆمەڵیک ڕێکخراوو ناوەندی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، سەرنجی بیرورای گشتییان بۆ لای ئەو مەترسییانە راکێشاوە کە چالاکانی بەندکراوی سوننی لە ئیران لە گەڵی بەرەوروون.



بە گویرەی بەیاننامەی ئەو کۆمەلە ڕێکخراوە، هەر ئێستا ٢٦ کەس لە بەندییە سوننییەکانی بەندیخانەکانی رەجایی‌شار و قزڵحەسار، لە گەل مەترسیی ئێعدامی بەو زووانە بەرەوروون.

شەهرام ئەحمەدی، محەممەدیاوەر رەحیمی، بەهمەن رەحیمی، موختار رەحیمی، سەدیق محەممەدی، سەیدهادی حوسێنی، ئەحمەد نەسیری، محەممەد غەریبی، ئومێد پەیوەند، حامید ئەحمەدی، جەمشید دێهقانی، جەهانگیر دێهقانی، کەماڵ مەلایی، مامۆستا کاوە وەیسی، مامۆستا کاوە شەریفی، تالیب مەلەکی، فەرزاد شا نەزەری، بێهرووز شانەزەری، ئیدریس نێعمەتی، عەبدولرەحمان سینگانی، جەماڵ سەید مووسەویو چەندین کەسی دیکە کە هەتا ئیستا ناویان ئاشکرا نەبووە، مەترسیی ئەوەیان لێ‌دەکری کە بەم زوانە ئێعدام بکرین.

بە گوێرەی هەواڵەکان هەمووی ئەو بەندییانە بۆ بەندیخانەی قزڵحەساری کەرەج راگوێزراونو هەمووشیان بە سزای ئێعدام مەحکووم کراون. ئەو نیگەرانییە هەیە کە ئەم راگوێزتنە بە مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامیان بێ. چالاکیی رەوتی سوننیی سیاسیی کوردو بانگەشەو دژایەتیی ئەو رەوتە لە گەڵ مەزهەبی شیعەو ئاکامەکانی، بە یەکێک لە سەرچاوەکانی کێشە دەژمیردرێو دەوڵەتی ئێران وەک دەرفەتێک بۆ لە نێوبردنی فیزیکیی ئەم ڕەوتەو بەکارهێنانی سەرکوتی هەرچی زیاتر لە ناوچە کوردنشینەکان دەیقۆزێتەوە.

ڕێکخراوو کۆمەڵەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، هاوکات راشیان گەیاندوە کە دەوڵەتی ئێران بۆ خۆی لە هەموو باریکەوە



رۆڵی هەبووە لە دروستبوونی ئەو رەوتە سیاسییە سوننیانە لە ناوچە کورد نشینەکانو لەوان بۆ دنەدانی شیعە توندرەوەکانو سەرکوتی ناوچە کوردنشینەکانو ناوچە سوننینشینەکان بە هۆی ئەوانەوە سوودی وەرگرتوە. لە لایەکی دیکەوە بە سوود وەرگرتن لە بوونی ئەو رەوتە سوننییە توندرەوانە، توانیوێتی لە نێو زۆرایەتیی خەڵکی ئێران‌دا کە شیعە مەزهەبن رەوایی بە سەرکوتی خۆی لە ناوچە کوردنشینەکان بدا.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد لە ئورووپا، رێکخراوی کولتووریو کۆمەڵایەتیی ژنانی ئازەرمێهری کوردستان، فیدراسیۆنی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان ( fppk) , رێکخراوی نەهێشتنی ئەشکەنجەو ئێعدام (orte)، کەمپەینی داکۆکی لە بەندییە سیاسییەو مەدەنییەکان و ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی ژنانی کورد، لە بەیاننامە هاوبەشەکەیان دا پشت ئەستوور بەماددەکانی ٢ و ٥ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، حوکمی ئێعدامی ئەو کەسانە بە ناتەبا لە گەڵ پەسندکراوە نیودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دەزاننو داوا لە ئازادیخوازانو دامەزراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ دەکەن فریای گیانی ئەو بەندییە سیاسیو عەقیدەتییانە کەون.

. هەروەها رای گەیاندوە: « لەمەش جیی داختر ئەو بیدەنگییەی میدیاو سانسۆری تۆڕەکانی هەواڵ لەم پێوەندییە دایە. ئەوان لە پێوەندی لە گەڵ بەندییە سیاسییە ناکوردەکان‌دا دەسبەجێ دژکردەوە نیشان دەدەنو دنیای لێ‌تێ‌دەگەیەنن بەڵام لە پێوەندی لە گەڵ چالاکانو بەندییە سیاسییە کوردەکان یا هی نەتەوەکانی دیکەی ئێران کە لە بەندیخانەکانی ئێران لە گەڵ خراپترین بارودۆخەکان بەرەوروون، بیدەنگییان هەڵبژاردوەو خۆیان لە ئاستیان گێل کردوە. کەمپەین داوای نەمانی ئەو هەڵاواردنەو چاوخشاندنەوە بە رەفتاری راگەیەنە گشتییەکان لە بارەی چالاکانو سیاسییە کانی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئیران دەکا. کەمپەین داوای کردوە هەڵسوکەوتی سەلیقەییو تیکەڵ بە هەلاواردن لە گەڵ بەندییەکانو چالاکانی سیاسیو دابەشکردنی ئەوان بە سەر خۆمانەو بیگانەدا کۆتایی پێ بێو بایەخەکانی پیوەندیدار بە سەروەریی مرۆڤەکانو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤەکان بۆ هەموو بەندییە سیاسییەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکان بەڕیوە بچێ.

جێگای وەبیر هێنانەوەیە کە ژمارەیەک تێکۆشەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ١٧ ساڵ دەچێ لە دژوارترین هەلومەرجدا لە بەندیخانە دان. والی دروودی، محەممەد مرادی، عەلی ساڵحیو عومەر ئیمامی کە لە ناوچەی کامیاران خەریکی کار و چالاکیی سیاسی بوون، لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوییەوە لە لایەن هیزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە دیل گیراون. ئەوان لەو رۆژەوە کە بە دیل گیراون تا ئێستا مەرەخەسییان پێ‌نەدراوە ونەیانتوانیوە سەردانی بنەماڵەکانیان بکەن. چەندین ساڵە بۆ بەندیخانەی یەزد دوور خراونەوەو هەموو جارێ کەسوکاریان بۆ مەلاقات لە گەڵ ئازیزە بەندکراوەکایان دەبێ ڕیگایەکی دوور ببڕنو پوولێکی زۆر خەرج بکەن. ئەو بەندییانە لە بەندیخانەدا تووشی نەخۆشیی جۆراوجۆر هاتوون کە تێچووی دەواودەرمان لە سەر خۆیان بووە. ئەوان بە ئەنقەست خراونەتە بەندی تاوانبارانی مەترسیدار. جیگای داخ ئەوەیە لە حاڵێکدا ئەو بەندییانە لە گەل مەرگی بەرەبەرە لە بەندیخانەدا دەستو پەنجە نەرم دەکەن، راگەیەنەکانو کۆڕو کۆمەڵەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤیش ئەوانی لە بیر بردوەتەوە.

درێژەی:

## ئایا گۆڕانێک لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا بەڕێوەیە؟

جارێ زووە بۆ ئەوەی بزانین دەوڵەتی تازە تەنیا ڕاوێژی خۆی لە مەسەلەی ناوکی دا بەرامبەر دنیا گۆڕیوە یا هەر بە راستی ئیرادەو بڕیاری چوونەپێش تا ئاستی مۆر کردنی ڕیککەوتنیشی پێیە. بەڵام گریمان ئامانجەکەی تەنیا کاتکڕینو وەدواخستنی گوشاری زیاتر نییەو دەتوانێ ئەو ناکۆکیوکێشە درێژخایەنە لە گەڵ ڕۆژئاوا چارەسەر بکا. لە ئەنجامی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا، با وای دابنێین گوشاری سەرچاوەگرتوو لە تەحریمەکان ومەترسیی ڕووبەڕوو بوونەوەی دەرەکی لە سەر کۆماری ئیسلامی کەم دەبیتەوە. بەڵام ئەو هەڕەشانەی لە ناوەوە کۆماری ئیسلامی لە گەڵیان بەرەوروویە، چ لێ دەکەن؟

کۆماری ئیسلامی، هەم لە سەردەمی سەرکۆماریی هاشمیی رەفسەنجانیو هەم لە ماوەی هەشت ساڵ سەرکۆماریی محەممەدی خاتەمی‌دا، هەوڵی‌دا روخسارو گوتارێکی نەرم لە خۆی نیشانی دنیا بدا. روخسارو گوتارێک کە گوشاری دەرەکی لە سەر ئەو ڕێژیمە کەم بکاتەوەو هەر لەو کاتەدا دەوڵەتانی ڕۆژاوا بە پێوەندیی بازرگانیو ئابووری لە گەڵ ئێران، هیوادار بکا. دیارە ئەوەندە گۆڕانەی لە گوتارو رووخساری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی‌دا پێک هاتبوو، تاکتیکیو رواڵەتی بوون بەو حاڵەش گۆڕان لە سیاسەتە نیوخۆییەکانی ئەو ڕێژیمەیان لە گەڵ دا نەبوو. دەوڵەتی رەفسەنجانی لە نییەت و ماهییەتی‌دا نەبوو و دەولەتی خاتەمیش- بە هۆی بوونی دامەزراوە هاوتەریبەکانی سەر بە بەیتی ڕیبەریو کۆنەپارێزانو کارشکێنیو پیلانگێڕییەکانیان- لە توانای دا نەبوو. دواتریش کە ئەحمەدینەژاد بۆ ماوەی دوو دەورە کرا بە سەرکۆمار، سیاسەتی دەرەکی و ژوورەوە، هەر دوویان توندڕەوانەو پڕ بە پێستی یەکتر بوونو ئەوەی حیسیبی بۆ نەکرا، مافو ئازادییەکانی خەلکی وڵاتو خۆگونجاندن لە گەڵ ئیرادەی نیودەوڵەتی بوو.

خەڵکی ئێران لە ٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵدا، لە نێوان دوو سیاسەتی توندڕەوانە ومیانەڕەوانە (اعتدال)، لە ڕێگای دەنگدان بە حەسەنی روحانی، ڕیگای دووهەمیان هەڵبژارد. دیارە بژێرە (گزینە)یەکی سێهەم — ڕیفۆرم یا ڕادیکاڵتر لە ڕیفۆرم- یان لە بەردەم دا نەبوو تا دەنگی پی بدەن. ئەوان لە ڕێگای پشتیوانی لە بەرنامەی ڕوحانی و دەنگدان بە ناوبراو، تەنیا توانیان لانیکەمێک لە ویستو داوا کەڵەکەبوو و سەرکوتکراوەکانی خۆیان بخەنە ڕوو. بە واتایەکی دیکە پیویستیو نیازی خەڵکو کۆمەڵی ئێران بە گۆڕانو کرانەوە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و هتد زۆر لەوە زیاترە کە بەرنامە و دروشمەکانی ڕوحانی لەسەردەمی هەڵبژاردن لە خۆی‌دا جێی کردبوونەوە. ئەگەر گۆڕانی سیاسیی سەردەمی سەرکۆماریی ڕوحانی تەنیا لە نەرمینواندن لە پرسی ناوکی بەرابەر کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی دا خۆی ببینێتەوەو چاوخشاندنەوە بە سیاسەتە نیوخۆییەکانی ئەو ڕێژیمەی بە دوا دا نەیە، هیوای پێکهاتنی گۆڕانی سیاسی لە ڕێگای هەڵبژاردنو سندووقەکانی دەنگدان کە ئەمساڵ جارێکی دیکە لە نێو خەڵکی ئێران دا سەری هەڵدایەوە، بە یەکجاری دەمرێو خەڵکی ئێران ناچار دەبن ڕێگای دیکە بۆ ڕزگاربوون لە زیاتر لە سێ دەیە دیلیو ژیانی بندەستیو بیبەشی بدۆزنەوە.

گومانی تێدا نیە بێ لە گۆڕێدابوونی بزووتنەوەی چینو توێژ و بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ و پێداگرتنو شێلگیربوونیان لە سەرمافو ئازادییە زەوتکراو و ویست و داخوازە سەرکوتکراوەکانیان، بێ هاتنەوە مەیدانی خەڵک لە دەرفەتەکانی داهاتوودا و سەرخستنی ئیرادەی خۆیان بە سەردەسەلاتداراندا، بەڵێنەکانی روحانیو چاوەڕوانیی پێکهاتنی گۆڕان لە سیاسەتەکانی تا ئێستای کۆماری ئیسلامی، نایەنە دیو دەکەونە ژێر ژیلەمۆی فەرامۆشی. هەربۆیە ئەوەی بەر لە هەر فاکتەرێکی دیکە، هیز و لایەنە سیاسییەکان بە تایبەتیو خەڵکی ئیران بە گشتی دەبێ پشتی پێ ببەستنو هەوڵی بە هێزکردنی بدەن، خەبات و بزووتنەوەکانی نێو هەناوی کۆمەڵگایە.

**لەو ماوەیەدا هەرچی بەدواداچوونی رەوشی ئێرانم کردووە، بە زۆری هەواڵەکان باس لە باشتر بوونی رێژەیی دۆخی ئێران دەکەن، هەڵبەت نە لە روانگەی کوردو نەتەوە بندەستەکانەوە، بەڵکوو لەو روانگانەوە کە باسم کردوون. گەلۆ لە داهاتوودا ئەم رەوتە هەروا بەردەوام دەبێ یان کۆسپی دێتە بەردەم‌و پاشەکشەی پێدەکرێ یان تەنانەت پێچەوانەش دەبێتەوە؟ مێژوو بە شێوەی هێڵی‌و «تکامل»ی ناچێتە پێش، بەڵکوو دابڕان‌و پاشەکشەو گەڕانەوەش لە سرووشتەکانی رەوڕەوەی مێژوو(ی ئێران)ن.**

# بەبێ سەردێڕ!

## (تێڕامانێک بۆ کردەوەکانی دەوڵەتی رووحانی)



حەسەن شێخانی

زیاتر لە مانگێکە دەوڵەتی رووحانی دەست بەکار بووە. کردەوەو ئاراستەی سیاسەتەکانی، ئەگەر یەکگرتوویی نێو سیستمی لەپشت بێ، دەتوانێ لە باشترکردنی دۆخی ئێران کاریگەری هەبێ. لەم نووسینەدا کاریگەریی دەوڵەتی رووحانی لە سەر فەزای سیاسی‌و فکریی ئێران‌و پێوەندیی نێوان رێبەریی‌و دەوڵەتی رووحانی باس دەکەم‌و هەروەها تێڕامانێکیش بۆ هەندێک لە کردەوەکانی دەوڵەتی رووحانی دەکەم.

١) بە سەرنجدان بە فەزای سیاسی‌و فکریی ئێران دوای دەست بەکاربوونی حەسەن رووحانی بۆمان دەردەکەوێ کە تا رادەیەک هیواو زیندووییێتی بۆ خەڵکی ئێران بە گشتی‌و چالاکانی سیاسی‌و قەڵەم بەدەستان گەڕاوەتەوە. خەڵک چاوەڕوانن لە ئەنجامی سیاسەت‌و بەرنامەکانی دەوڵەتی رووحانی‌یەوە کراوەیی لە دۆخی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و باشبوونێک لە بواری ئابووری‌دا ببینن‌و هەست پێبکەن.

بەشێکی گەورە لە ریفۆرمخوازان‌و میانەڕۆکان لە حاڵەتی پاسیڤ بوون هاتوونەدەرو بە پارێزو هیواوە لەگەڵ دۆخەکە هەڵسوکەوت دەکەن. ئوسوولگەرا توندڕەوەکان وەک جاران دەنگیان بەرز نیەو ئەو کاریگەرییەشیان نەماوە.

لە دەورانی ئەحمەدی نژاددا بێ بەدواداچوون‌و سەرنجدان بە سایت‌و رۆژنامەکانی ریفۆرمخوازان‌و بۆچوونەکانیان، دەتوانی شرۆڤەی ئاڵووگۆڕو رووداوەکانی ئێران بکەی‌و تا رادەیەک سەرەداو و ئاراستەی رووداوەکانت بێتە دەست؛ چونکە ئەوان بە تەواوی خرابوونە پەراوێزەوەو هیچ کاریگەرییەکیان لە سەر سیاسەت‌و ئاراستەی دەوڵەت نەمابوو و ئەوە ئوسوولگەراکان بوون کە بۆچوون‌و هەڵوێستەکانیان ئاراستەدەری دەوڵەت بوو و لە هەموو بوارەکانیش‌دا رەنگی دەدایەوە.

لە بەدواداچوونم بۆ سایت‌و رۆژنامەکانی ئێران بەو ئاکامە گەیشتووم کە هێڵی رۆژنامەی «کەیهان»ی حوسێن شەریعەتمەداری وەک جاران کاریگەری لە سەر سیاسەت‌و کردەوەکانی دەوڵەت نەماوە، بە پێچەوانە ئەوە رۆژنامەکانی «شەرق» و بەهار» و... ن کە خوێندنەوەیان بۆ بەدواداچوون‌و تێگەیشتن لە سیاسەت‌و کردەوەکانی دەوڵەت گرینگییان پەیدا کردووە.

٢) دەوڵەتی حەسەن رووحانی لە دوای دەست بەکاربوونییەوە کۆمەڵێک کاری لە پێناوی راستکردنەوەی سیاسەتەکانی دەوارنی ئەحمەدی نژاد ئەنجام داون. دەکرێ بڵێین کە کاریگەریی ئەزموون‌و شارەزایی پێکهاتەی کابینەی رووحانی بەم کارو کردەوانەوە دیارە. لە لایەکی دیکە بە سەرنجدان بە زۆر دەرکەوت‌و داتاو لێدوان دەتوانین ئەوە بڵێین کە ناوەندو سەرووی دەسەڵات لە ئێران‌دا، لە گەڵ هێڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی دەوڵەتی رووحانی‌دا هاوڕا و موافیقەو، بە راوێژ و لەبەرچاوگرتنی بۆچوونەکانی وەلیی فەقیەو هاوئاهەنگی لەگەڵ وییە کە هەنگاوە گرینگەکان هەڵدەهێندرێنەوە. لێرەوە بە خاڵێکی گرینگ دەگەین کە لەبەرچاوگرتنی بۆ لێکدانەوەو شرۆڤەی دۆخی ئێران پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

رێبەریی لە پێکهاتەی سیاسیی ئێران‌دا لە قووچکەی دەسەڵاتدا جێدەگرێ‌و ئەو دژایەتیی هەر سیاسەتێک بکا، لە ئێران‌دا پێڕەو ناکرێ. رێبەر بە پێی لۆژیک‌و پێگەی قانوونیی، دەبێ لە سەرووی باڵبەندییەکان‌دا جێبگرێ‌و نەکەوێتە خانەو بەرەی هیچ کام لە باڵبەندییەکانەوە و بە لایەنداریی هێچ باڵێک بڕیار نەداو هەڵوێست نەگرێ.

ئەگەر لە بازنەی چەمکیی‌و قانوونیی رێبەر بێینەدەرو لە سەر رێبەری ئێستای ئێران، عەلی خامنەیی بدوێین، دەبێ بڵێین کە ناوبراو هەر لە سەرەتاوە کە باڵی راست‌و چەپ لە شانۆی سیاسیی ئێران‌دا هەبووە، لە باڵی راست‌دا جێی دەگرت‌و دواتریش بە پێی گۆڕانی شانۆی سیاسیی ئێران‌و ناوی باڵبەندییەکان، لە خانەی موحافیزەکاران‌و ئوسوولگەراکان‌دا جێی دەگرت‌و جێ دەگرێ.

بە شێوەیەکی زەق‌و دیاریکراو لە دوای هەڵبژاردنەکان‌و رووداوەکانی ساڵی ٨٨ەوە لە بەرەی دژی ریفۆرمخوازان‌و ئوسوولگەرایانی توندڕەودا جێدەگرێ بە چەشنێک کە لێدوانەکانی دەبنە چاوگەی سەرەکی هەڵوێست‌و لێدوانەکانی ئوسوولگەراکانی تودڕەو و بەرەی نیزامی‌و ئەمنییەتییەکانەوە. پێدەچێ ئەو مەترسییەی لە لایەن بزووتنەوەی سەوزو ریفۆرمخوزانەوە لە سەر سیستم دروست ببوو رێبەری ناچار کردبێ کە لە بەرەی بەرامبەردا جێبگرێ‌و ئەم کارەشی بۆ پاراستنی سیستم بە پێویست زانیبێ.

بە گوێ گرتن لە وتاردانەکان‌و سەرنجدان بە لێدوانەکانی خامنەیی لە ماوەیەک پێش هەڵبژاردنەکانی ٩٢ەوە،کە تا ئێستاش درێژەی هەیەو زیاتریش خۆی دەرخستووە، بەو ئاکامە دەگەین کە ناکرێ بۆچوون‌و هەڵوێستەکانی خامنەیی بە هاوتای بۆچوون‌و هەڵوێستەکانی ئوسوولگەراکانی توندڕەو بزانین‌و بە دڵنیاییەوە جیاوازی و مەودایەک لە نێوانیان‌دا دەبیندرێ. لەوانەشە بە داکشان‌و کۆتایی هاتنی بزووتنەوەی سەوزو ئارام بوونەوەی دۆخی ئێران، خامنەیی بۆ پێگەی بێ لایەنی قانوونیی خۆی گەڕابێتەوە!

هەڵسووکەتی خامنەیی لەگەڵ دەوڵەتی رووحانی ئەوەمان پێدەڵێ کە لەگەڵ ئەوەی کە لەوانەیە لە هەندێک بواردا تێبینی هەبێ‌و لە بۆنەی جۆراوجۆریش‌دا ئامۆژگاری خۆی دەکا، بەڵام هەستیاریی دۆخی ئێران تێدەگاو بە پێی ئەمەش پشتگیریی هێڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی دەوڵەتی رووحانی دەکا. ئەمە لە حاڵێک دایە کە ئوسوولگەرا توندڕەوەکان لە گەڵ زۆر شتی رووحانی‌دا دژایەتی دەکەن. گواستنەوەی دۆسییەی ئەتۆمی بۆ وەزارەتی دەرەوە و روانین‌و هەڵوێستەکانی دەوڵەتی رووحانی لە بواری سیاسەتی دەرەوەداو لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکادا پێمان دەڵێن کە ئۆکەی خامنەییان لەگەڵەو رووحانیش بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی رێبەریی‌و بە هەماهەنگی لەگەڵ وی هەنگاو دەنێ. دیارە رووحانی ئەندامێکی پێکهاتەیی رێژیمەو میکانیزمەکانی کارکردنی ئەم سیستمە بە باشی دەزانێ‌و ئەمەش دەتوانێ لە رەوتی کارەکانی‌دا یارمەتیدەری بێ. دانانی عەلی شەمخانی وەزیری بەرەڤانی دەوڵەتی خاتەمی بە دەبیری شورای بەرزی ئەمنییەتیی ئێران، نوێنگەی یەکگرتوویی‌و لێک نزیکیی نێوان رێبەریی و رووحانی‌یە.



**هەڵسووکەتی خامنەیی لەگەڵ دەوڵەتی رووحانی ئەوەمان پێدەڵێ کە لەگەڵ ئەوەی کە لەوانەیە لە هەندێک بواردا تێبینی هەبێ‌و لە بۆنەی جۆراوجۆریش‌دا ئامۆژگاری خۆی دەکا، بەڵام هەستیاریی دۆخی ئێران تێدەگاو بە پێی ئەمەش پشتگیریی هێڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی دەوڵەتی رووحانی دەکا**

خامنەیی لە وتاردانی بۆ فەرماندەکانی سوپای پاسداران دڵێ: نەرمی نواندنی قارامانانە لە سیاسەتی دەرەوەدا کێشە نیە و رەوایە. هەروەها سوپای پاسداران لە دەستێوەردان لە بواری سیاسی‌دا هۆشیار دەکاتەوە. ئەمەش دەکرێ بە چەشنێک پاڵپشتی‌و هاوڕایی لەگەڵ دەوڵەتی رووحانی‌و سیاسەتەکانی‌دا لێکبدرێتەوە.

خاڵێکی گرینگی دیکە ئەویە کە هێزە نیزامی‌و ئەمنییتییەکانی رێژیم‌و بە تایبەت سوپای پاسداران‌و بەسیج بە رێنوێنی خامنەیی پشتیوانیی روحانییان کردووەو لە بۆنەی جۆراوجۆردا پشگیریی خۆیان دووپات کردۆتەوە؛ کە ئەمەش دەتوانێ لە درێژەدان‌و بەرەپێش بردنی سیاسەتەکانی رووحانی‌دا کاریگەری زۆری هەبێ. بەردەوامیی پشتیوانی وەلی فەقیەو سوپای پاسداران لە دەوڵەتی رووحانی تا رادەیەکیش گرێدراوە بەوە کە ئەم دەوڵەتە تا چەندە هەستیارییەکانی سیستمی سیاسیی ئێران‌و هاوکێشەکانی هێز رەچاو دەکاو بە دوور لە توندڕەوی‌و بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندەکانی دەسەڵات لە ئێران‌داو لە سەرووی هەموویان رێبەریی، هەنگاو دەنێ.

٣) یەکێک لەو بنیات‌و دامەزراوانەی لە دەورانی ئەحمەدی نژاددا زیانی زۆری بەر کەوت، زانکۆ و ناوەندەبەرزەکانی فێرکردن بوون. خوێندکاری ئەستێرەدار، جیاکاریی جنسییەتی، ژنانەو پیاوانە کردنی بەشێکی بەرچاو لە رشتەکانی خوێندن، دەرکردن‌و خانەنشینی پێشوەخت‌و زۆرەملێی مامۆستایانی زانکۆ، دەستکاری نابەجێ‌و نامەعریفی بەشێک لە وانەکانی زانستە مرۆییەکان، سەنترالیزەکردنی وەرگرتنی خوێندکاری دوکتۆرا، بێدەسەڵاتکردنی زانکۆکان لە سەرپەرستی کردنی خۆیان‌و چەندین کێشەو گرفتی دیکە لەوپەڕی خۆی‌دا بەرۆکی زانکۆکانیان لە سەردەمی ئەحمەدی نژاد گرتبۆوە. یەکێک لەو زانکۆیانەی کە ببۆوە سەمبولی ئەم نەهامەتیانە، زانکۆی عەللامە تەباتەبایی بوو. ئاخۆند سەدرەدین شەریعەتی لە ماوەی سەرۆکایتییەکەی‌دا هەموو ئەم خاڵانەی بە توندترین شیوە لە زانکۆی تەباتەبایی‌دا جێبەجێ کردو لە هەموو ئەم بوارانەدا ریکۆردی شکاند. ناوبراو بەوپەڕی شانازییەوە رایدەگەیاند کە زانکۆی تەباتەبایی ئیسلامیزە کردووەو دەبێ بکرێتە مۆدێلێک بۆ زانکۆکانی دیکەش.

یەکێک لەو کارە باشانەی جەعفەری تۆفیقی، سەرپەرەستیی وەزارەتی علووم لەم ماوەیەدا کردی، لادانی سەدرەدین شەریعەتی لە سەرۆکایەتیی زانکۆی تەباتەبایی تاران‌و هەروەها گۆڕینی سەرۆکی زانکۆی پیشەسازیی ئیسفەهان بوو، کە ئەویش کارنامەیەکی باشتری لە ئاغای شەریعەتی نەبوو. هەر دوابەدوای ئەوە وەزارەتی علووم رایگەیاند کە خوێنکارە ئەستێرەدارەکانی ساڵانی ٩٠،٩١و ٩٢ دەتوانن ناونووسی بکەن‌و بچنەوە سەر پۆلەکانی خوێندن، هەروەها بەشێک لە مامۆستا دەرکراوەکانی زانکۆی تەباتەباییش گەڕانەوە زانکۆ. ئەمانەو هێندێک بەڵێنی دیکە لەوانە کۆتایی هێنان بە فەزای ئەمنییەتیی زانکۆکان لەگەڵ پێشوازی‌و دەستخۆشیی کۆمەڵگای زانستگایی بەرەوڕوو بووە.

هەر لەم ماوەدا «خانە سینەما»ش کە لە سەردەمی دەوڵەتی پێشوودا داخرابوو، کرایەوە کە لەگەڵ پێشوازیی سینماکاران بەرەوڕوو بوو. دادگای قەزایی یەکیەتیی ئوروپا گەمارۆی سەر کۆمپانیی کەشتیڕانیی ئێران و ١٧ کۆمپانیی دیکەی بەتاڵ کردەوە کە لە سەر لایەنی رەوانی‌و ماددیی ئابووریی ئێران بێ باندۆر نیە. ماوەیەک پێشتریش چەند بانکیی ئێران لە لیستی گەمارۆکانی یەکیەتیی ئوروپا هاتنە دەر. هەرچەند ئەم ماوە کەمە، تا دەرکەوتێکی هەست پێکراو لە بواری ئابووریی قەیراناویی ئێران‌دا ببینین، بەڵام شارەزایانی ئابووری، بە سەرنجدان بە تیمی ئابووریی دەوڵەت‌و روانین‌و سیاسەتەکانی لەم بوارەدا، بە نیسبەت باشتر بوونی دۆخی ئابووریی ئێران گەشبینن. هەڵبەت کێشەی ئابووریی ئێران ریشەی نێوخۆیی‌و دەرەکی هەیەو باشبوونی پێویستی بە دەست وێکدانی کۆمەڵێک فاکتەر هەیە.

لەو ماوەیەدا هەرچی بەدواداچوونی رەوشی ئێرانم کردووە، بە زۆری هەواڵەکان باس لە باشتر بوونی رێژەیی دۆخی ئێران دەکەن، هەڵبەت نە لە روانگەی کوردو نەتەوە بندەستەکانەوە، بەڵکوو لەو روانگانەوە کە باسم کردوون. گەلۆ لە داهاتوودا ئەم رەوتە هەروا بەردەوام دەبێ یان کۆسپی دێتە بەردەم‌و پاشەکشەی پێدەکرێ یان تەنانەت پێچەوانەش دەبێتەوە؟ مێژوو بە شێوەی هێڵی‌و «تکامل»ی ناچێتە پێش، بەڵکوو دابڕان‌و پاشەکشەو گەڕانەوەش لە سرووشتەکانی رەوڕەوەی مێژوو(ی ئێران)ن.

تێرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی بۆ حیزبی دیموکرات، بە تایبەتی لەهەلومەرجی ئەوکات دا کە هێشتا برینی تێرۆری دوکتور قاسملوو سارێژ نەببوە، زەبرێکی قورس بوولە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵام بوو بە پەڵەیەکی ڕەشی دیکە بە نێو چاوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە و ئەو ڕێژیمەی لەنێو کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکاندا ئەوندەی دیکە بێزراو کرد
برایم چووکەڵی

کەش و فەزای ئۆرگانو ڕێکخراوە سەربازییەکانی ئێران بە هۆی بێکەفایەتیو خەمخۆر نەبوونی بەرپرسە باڵاکان ئەوەندە ساڵمو خاوێن نەبووە، نەبێتە هۆی تووشبوونی لاوێکی ١٨و ١٩ ساڵان بە مادەی هۆشبەرو ئاکارو کردەوەی دژە نۆرمی کۆمەڵگە.
تەها ڕەحیمی

# لە یادی ٢١ ساڵەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندیدا





برایم چووکەلی

بیستو شەشی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٢، بیستویەک ساڵ بە سەر کارەساتی شەهیدبوونی دوکتور «سادق شەرەفکەندی « و هاورێیانی بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە برلینی ئاڵمان تێدەپەڕێ. لە ماوەی ئەو ٢١ ساڵەدا حیزبی دیموکرات زۆر قوناخی سەختودژواری تێپەر کردوە، هەر بۆیەش ئێستاش ڕێژیمی ئاخوندی نوکی قەڵەمە ژەنگاوی‌یەکانی خۆی، لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە لەو حیزبە نیشانە گرتوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەو کاتەدا سەرەرای دەست بردن بۆ هەموو چەکێکی سەرکوت، نەیانتوانی جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بە چۆکدا بێنن.

بە دوای تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو لە ئوتریش لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی‌دا ڕێژیم زۆری حەول بۆ تێکشکانی جووڵانەوەی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتدا. بەڵام دوکتور سەعید لە ریزی پێشەوەی ڕێبەرانی حیزبدا کە لەکورەی خەباتی نەتەوەی کورددا قاڵ ببوو، توانی لە بەرامبەر کارەساتێکی ئەوتۆدا خۆڕاگر بێ‌و توانی ئەم بۆشاییە گەورە لەحیزبدا پڕ بکاتەوەو پیلانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە نسکۆ هێنانی خەباتی حیزبی دێموکرات بوو، پووچەل بکاتەوە.

دوکتور سەعید بە پشت بەستن بە ڕۆلێک کە لەجووڵانەوەو لە ڕێبەری حیزبی دیموکراتدا هەیبوو و بە لێوەشاوەیی و مودیرییەتی کەم وێنەی خۆی زۆر زوو توانی هەم لە نێو حیزب، هەم لە نێو ڕێکخراوەکانی ئێرانی، هەم لە نێو کۆمەلانی خەلک، ئەو راستییە بسەلمێنێ ئەگەرچی حیزبی دیموکرات ڕێبەرێکی بە توانای لە دەست داوە، بەڵام دەتوانێ لە مەیدانی خەباتدا هەروا خۆڕاگر بمێنێتەوە. دوکتور سەعید کە ڕێبەرێکی خۆشەویست، دوای دوکتور قاسملوو لە راستی‌دا ئەو کلێنە گەوەری پڕ کردبووەو خەڵک هەستی بە دڵنیایی دەکرد.

تێرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە باشتر ئەو راستییەی سەلماند کە حیزبی دیموکرات لەمەیدانی خەبات بە کردەوەدا و چقلی چاوی ڕێژیمی ئاخوندییە. ڕێژیم بۆیە دەستی برد بۆ ئەو کارە قیزەونە بە هەموو نرخێک حەولی دەدا داری بەرزی ئەو خەباتەی حیزبەکەمان پێشرەویەتی خاشەبڕ بکا کە هیچکات نەیانتوانی ئاگری گەشاوەی بزووتنەوە خەلکی کوردستانو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دامرکێنێ.

تێرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی بۆ حیزبی دیموکرات، بە تایبەتی لەهەلومەرجی ئەوکات دا کە هێشتا برینی تێرۆری دوکتور قاسملوو سارێژ نەببوە، زەبرێکی قورس بوولە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵام بوو بە پەڵەیەکی ڕەشی دیکە بە نێو چاوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە و ئەو ڕێژیمەی لەنێو کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکاندا ئەوندەی دیکە بێزراو کرد.

لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی زۆری هەوڵ دا وەک جینایەتەکانی دیکەی رۆڵی جینایەتکارانەی خۆی لەو تێرۆرە دا بشارێتەوە. بەڵام ئەمجارە نەیتوانی ئەو تاوانە لە سەر خۆی لاببا، کارەساتی ریستورانی میکونووس بووە هۆی ریسوایی نیونەتەویی کۆماری ئیسلامیو ڕێبەرانی پلە یەکی ئەو ڕێژیمە.

ئەوەتا پاش بیستویەک ساڵ یەکێک لەسەرانی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی هاشمی رەفسەنجانی رادەگەیەنێ کە کارەساتی میکونووس باڵی توندڕەوی نێو دەسەلات کردوویەتی.

# سەربازیی زۆرەملی بە چ مەبەستێک!





تەها ڕەحیمی

سەربازی لە فەرهەنگو وشەداندا بە واتای، گیان فیداکردن لە پێناو ئامانجو سەر دانانە لە پێناو نیشتمان. پاراستنی خاکو وڵات هەر لە سەرەتای کۆمەلایەتی بوونی مرۆڤەوە کەمتاکورت دەبینرێو کە بە ڕۆمانو نووسراوە کۆنەکانیش‌دا دەچییەوە دەبینی مرۆڤەکانی سەردەمە کۆنەکانیش هەوڵی پاراستنی ئەو سنوورو چوارچێوەیەیان داوە کە بەجۆرێک لە جۆران ئینتیمایان بۆی هەبووە. بەڵام ئەم چەمکە لە دنیای هاوچەرخ‌داو لەگەڵ دروست بوونی دەوڵەت – نەتەوە نوێیەکان گشتگیرتر بووو بووە بە شتیکی زۆرەملی بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگە، کە دیارە زیاتر پیاوی گرتۆتەوە. ئەم دەوڵەت و پێکهاتە نوێیانە پێویست بوو لە سیفرەوە دەست بکەن بە ساغ کردنەوەی سوپا، کە دیارە ئەمەش تێچوویەکی زۆری دەخستە سەر شانیان. هەروەها کۆمەڵگەی مرۆڤیش ئەوەندە پێشنەکەوتبوو کە بەشێک لە کاروبارەکان بە دەزگاو ئامێرو ئامرازەکان جێبەجێ بکاو هەموو کاروباریکی ئیداریو داراییو پەروەردەیی‌و... لە سەرشانی تاکەکان بوو. هەر بۆیە دەوڵەتەکان ناچار بوون هێزی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری پاراستنی دەوڵەتو حکوومەت لە کۆمەڵگەی خۆیان دابین بکەن، ئەویش بە زۆرەملی کردنی خزمەتی سەربازی.

گەلی کوردیش لەو سەردەمانەدا کە زیاتر بە شێوەی میرایەتی بەڕێوەچووە بە گوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، لە کاتی شەڕو شووڕدا هەر ئیمارەتەی لە سەری بووە بە پێی توانای خۆی هێز بدا بەو ئیمپراتۆرییە زلهێزانەی ناوچەکە، کە زیاتر بەرەی عوسمانیو سەفەوی گرتۆتەوە. دەگەڵ لێکهەڵوەشانی ئەم ئیمپراتوورییانەو دروست بوونی دەوڵەت۔ نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین‌دا، کورد دیسان پارچە پارچە دەبێو دروست بوونی ئەم سترەکتۆرە نوێیانە بە چاولێکەری لە جیهانی پێشکەوتوو و بە تایبەت ڕۆژئاوا دیاردەو چەمکەکانی دیکەی هێنایە کایەوە. سوپاو هێزی ئەو وڵاتانەی کوردیان داگیر کردوە بێ‌ئەم لاولا بەشێکی تاکی کوردن کە زیاتر بە زۆرەملی چەکیان پێ لە شان کراوە. هەروەک روونو ئاشکراشە ئەم حکوومەتانە ئێستاشی لەگەڵ دابێ دانی خێریان بە یەکدا نایەو لە زۆربەی قۆناغەکانی ژیانی خۆیان‌دا شەرو کێشەکان هەبووە کە ئەم شەرو لێکدانەیان زیاتر لە سەر خاکی کورد کردوە و کورد جگە لەوەی خاکەکەی داگیرکراوە، لە بەرەکانی شەڕی دژ بە یەکیش‌دا کە هیچ بەرژەوەندیو قازانجێکیشی بۆی نەبووە ڕۆڵەکانی بە هیچو خۆڕایی تێداچووە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەکرێ بڵێین پێشەنگی کوردایەتیو شۆڕش بووە لە قۆناغی نوێ‌دا، دەوڵەتو حکوومەتە داگیرکەرەکان زیاتر هەوڵیان داوە وەجاقی شۆڕس بە دەستی کورد کوێر بکەنەوەو سەرکوتی مافخوازان بە کورد، بسپێرنەوە خۆ ئەگەر ئەو هەلەشیان بۆ نەڕەخسابی زۆربەی هێزەکانی سپاو ئەرتەشی کە شەری شۆرشگێرانەیان لە کوردستان کردوە، سەربازی کوردیان دەگەڵ بووە کە بەزۆرەملی چەکیان پێ لە شان کراوە. زۆرمان بیستووە کە سەربازە کوردەکان جاری وابووە لە شەڕ دەگەڵ پێشمەرگە تەقەیان لە چەکی نەهاتوو، تووشی تاوانو تۆمەت بوونەتەوە. کەم نین ئەم دایکو باوکانەی جگەرگۆشەیەکیان لە بەرەی شۆڕشو خەباتدا بووەو ڕۆڵەیەکیشیان سەربازی زۆرەملیو لە ریزکانی ئەرتەشو سوپای پاسداران‌دا بوون!.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە لە هەموو بوارو دەرفەتێک گەڕاوەو دەگەڕێ بۆ زەبر وەشاندن لە گەلی کورد؛ لەم گۆرەپانەش‌دا کەمتەرخەمی نەنواندوە هەتا بۆی کراوە سەربازە کوردەکانی زیاتر خستۆتە ناوچە کوردنشینەکانو هەروەها کەنارەکانی وڵاتی ئێران کە نائەمن بوون. تەنانەت زۆر جاران تاکی کورد لە سەربازی تەسویەی دەگەڵ کراوەو کەم نین ئەو هەواڵانەی باس لە کوژرانو بێسەروشوێن بوونو مەرگی گوماناوی کورە کوردێک دەکەن لە ریزەکانی سوپاو ئەرتەش‌دا. جگە لەوانەش کەشو فەزای ئۆرگانو ڕێکخراوە سەربازییەکانی ئێران بە هۆی بێکەفایەتیو خەمخۆر نەبوونی بەرپرسە باڵاکان ئەوەندە ساڵمو خاوێن نەبووە، نەبێتە هۆی تووشبوونی لاوێکی ١٨و ١٩ ساڵان بە مادەی هۆشبەرو ئاکارو کردەوەی دژە نۆرمی کۆمەڵگە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش تاکی کورد قەت جێگەی متمانەی بەرپرسانو دەسەڵات بەدەستان نەبووەو خزمەتی سەربازیش نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم مرۆڤە لە ڕێکخراوی سەربازی دا کارێکو ئەرکێکی قورسی پێ‌بسپێرن هەتا تێی‌دا رابێو ببێ شارەزاییو ئەزموون وەرگرێ، بەڵکوو ئەم قۆناغە لە تەمەنی لاوێک‌دا، کە قۆناغی بیچم گرتنو پتەو بوونی کەسایەتییە بە پاسەوانیو کاری بێهودە، تێ‌دەپەڕێ. کردەوەو تاوانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک لە بیرو زەینی تاکی کورددا ریشاوژۆ بووە، کە قۆناغی سەربازی نەیتوانی لایەنی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی بەرمەستی ئەم پێکهاتە ئایدیۆلۆژیکییە بپێکێ. چونکی جگە لە رەهەندی، نیزامیو سەربازی، دەوڵەت۔ نەتەوە نوێیەکان لە قۆناغی سەربازی زۆرە ملی‌دا رەهەندو مەبەستی کۆمەڵایەتییو سیاسیش لەبەر چاو دەگرن. لە ماوەی دوو ساڵ (کەمتر یان زیاتر)دا لاوان بە پرۆپاگەندەی ئایدیۆلۆژیکی دەسەڵاتی زاڵ گۆش دەدرێن، هەتا بیرو هزرێکی تاقانەو بە بێ جیاوازی چێ بکەنو ئاراستەی نەتەوەسازیو یەکدەستکردنی ئێتنیکو نەتەوەکان بپێون. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان سەدا شەستو یەکی (١٢٣ وڵات) وڵاتانی جیهان سەربازی زۆرەملی یان وەلا ناوەو لە سەدا سی وڵاتانیش لە هێز زۆرەملیو داوتەڵبیان هەیەو تەنیا لە سەدا نۆی وڵاتانی جیهان خزمەتی سەربازی زۆرەملی لە ساڵێکیان زیاتر هەیە. ئەمە لە حاڵێک‌دایە ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوتو کانگەکانی دیکەیەو دەتوانێ بە بێ زۆرەملی کردنی خزمەتی سەربازی هێزێکی ئامادەو لێهاتووتر و پرۆفشناڵ پێک بێنێو بە جۆرێک لە جۆرەکانیش هەڵی کاری زیاتر بۆ خەڵک برەخسێنێ، نەک ئەوەی بە بیانووی خزمەتی سەربازیو هێنانەوەی دەیان فەلسەفەی دیکە بەنرخترین تەمەنی لاوانو گەنجانی وڵات بە پاسەوانیو کاری بێهودە و پرۆپاگەندەی بێ‌کەڵک بە فیرۆ بدەن. راگرتنی ئەو هەمووە هێزە بۆ کۆماری ئیسلامییش تێچوویەکی زۆری هەیە کە دەتوانێ ئەم داراییە لە بواری ئاوەدان کردنەوەو رەخساندنی هەلی کاردا سوودی لێ‌وەرگیرێ، بەڵام کۆماری ئیسلامیو بەرپرسانی کەچی دوای شەڕی ئێرانو عێراق ئێستا لە حاڵی ئاشتی‌دا دەژین هەمیشە بیریان لە قەیران خوڵقاندن کردۆتەوەو بە ئامانجی نائەمن کردنی ناوچەکانی لوبنان، کەرتی غەززە، ئەفغانستان، یەمەن، سووریەو عێراق و کۆنترۆڵی نارەزایەتی نێوخۆییو نیشان‌دانی ژێستی زلهێزێکی سەربازیو ملهۆڕ لە ناوچەو جیهان‌دا هێشتاش گەنجان و لاوان بە زۆرەملی رەپێچی سەربازەگەکان دەکا.

لە ئێستادا نەک بە هۆی دێمۆکراتیکبوونی سیستمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بە هۆی هەلومەرجی نالەباری ئابووریی ئێران، سیستمی کۆماری ئیسلامی بە قەوڵی خامنەیی پێویستی بە «نرمش قهرمانانه« هەیە. هەر بۆیە بەستێن بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی رووحانی تا ڕادەیەک ئامادەیەو خودی ئەو سەرکەوتنەش دەستی دەوڵەت لە کردنەوەی فەزای نێوخۆیی ئاوەڵاتر دەکا
ڕێبوار مەعروفزادە

هەرێمی کوردستانیش ئێستا لە قۆناغی گوزاردایەو ئەگەر هێزە سیاسییەکان نەتوانن لە نیگەرانییەکانی یەکتر تێبگەن، ئەوا کۆی ئەزموونەکە دەکەوێتە مەترسییەوە. بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە، چوار ساڵی رابردوو، هەرێمی کوردستان تا رادەیەکی بەرچاو ئەزموونێکی سەرکەوتوانەی تێپەڕ کرد
سیروان مەریوان

# گرێی دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی



ڕێبوار مەعرووفزادە

هیوای باشترکردنی دۆخی ئابووری ئێران سەرەکیترین هۆکاری هاتنەسەرکاری دەوڵەتی رووحانی بوو. هەر چەند کە رۆخساری رێفۆرمیستیو بایەخدان بە ئازادیی بەیان، چاپەمەنی و ... لە هۆکارەکانی دیکەی دەنگ هێنانەوەی رووحانی بوون، بەڵام فاکتەری ئابووری سەرەکیترین داواکاری گرووپگەڵی خواروو، مامناوەندیو سەروو بووە. ئەو دۆخە قەیراناوییەی ئێستای ئێران بۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنانەت زۆر دژوارترە لە سەردەمی شەڕی ئێران-عێراق، چونکە ئەو کات شۆڕشی ئیسلامیی ئێران هەروا توانای قەناعەت هێنان بە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێرانی هەبوو، بەڵام ئێستا هەم شۆڕشی ١٣٥٧ ئەو سەرچاوە مانا بەخشە نیەو هەم پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێران بە تەواوەتی گۆڕاوە. ئەوەی ئێرانی تووشی ئەو دۆخە ئابورییە قەیراناوییەش کردوە، دیپلۆماسیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ رۆژئاوا بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ناوکی کۆماری ئیسلامییە. لێرەدا پێویستە هەڵوێستە لە سەر چەند پرسیارو خاڵی گرینگ بکەین:



بەرهەمی دیپلۆماسی سەردەمی ئەحمەدی نیژاد چ بوو؟ ئاخۆ دیپلۆماسی دەوڵەتی رووحانی دەتوانێ گیانێکی تازە بداتە دۆخی ئابووری ئێران؟ ئاخۆ ئەو گۆڕانە جەوهەری کۆماری ئیسلامی دەگۆڕێ؟ کاریگەری دیپلۆماسی دەوڵەتی رووحانی لە سەر ئۆپۆزیسیۆن چ دەبێ؟

## دیپلۆماسی دەوڵەتی ئەحمەدی نیژاد

لە نێوان سیاسەتو هەلومەرجی نێوخۆیی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە پێوەندییەکی دوو لایەنە هەیە. ئەحمەدی نیژاد کە خۆی کەسایەتییەکی ناشارەزا لە حکوومەتداریو پێوەندیی نێودەوڵەتی بوو، کابینەیەکی لاوازیشی هەبوو. ئەو کە خۆی بە شێوەیەکی هەرەمەکی گەیشتبوە پۆستی سەرۆک کۆماری، لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بە قەول لە پرێکا ببوو بە کورێک! ئەو لە ئاستی نێوخۆییدا فەزای ئەمنییەتی زیاتر کردو ئەمنییەتیتر بوونی فەزای ئێران لە خولی دووهەمی سەرۆک کۆماری ئەودا زیاتر بەرجەستە بوو چونکە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا تا ڕادەیەکی زۆر بە نادێمۆکراتیکو نارەوا لە قەڵەم درا. بوونی ناکارامەییو نارەوایی سەرۆک کۆمار بووە هۆی ئەوەی کە پێویستی بە هێزی ئەمنییەتیو نیزامی زیاتر بێ. هەروەها ئەحمەدی نیژاد لە ئاستی نێودەوڵەتیش وتارگەلێکی پێشکەش کرد کە دەوڵەتانێکی زیاتر روویان لە ئێران وەرگێڕاو دەرفەتی زیاتریشی خستە بەردەم دەوڵەتی ئەمریکا کە شەڕێکی ئابووری-سیاسی لەگەڵ ئێران دەست پێبکا. ئێران لەو ماوەیەدا دۆستایەتی لەگەڵ وێنێزوئێلا، کووبا، سووریە، حیزبوڵڵا و ... پەرە پێدا و وڵاتانێکی وەک فەرانسە، کانادا، ئیتالیا، ئوسترالیا و ... دەرگای دۆستایەتییان لێداخست. بریتانیاو کانادا بالوێزخانەی خۆیان لە تاران داخستو بە گشتی پێوەندییەکانی ئێران-رۆژئاوا تا کەمترین ئاستی خۆی دابەزی. ئەحمەدی نیژاد بە گوتنی قسەگەلێک وەک «ئێرانی هەستەیی»، «نکۆلی کردنی هۆلۆکاست»و باس کردن لە گۆڕینی بەڕێوەبەریی جیهانی و نەزمی نێودەوڵەتی، بەستێنی یەکگرتنی زیاتری وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکاشی لە دژی خۆی رەخساند. دەرچوونی چەند بڕیارنامە، ئەوەی ئەحمەدی نیژاد بە لاپەڕەی بێکەڵک ناوی دەبرد، سەپاندنی گەمارۆی ئابووری زیاتری بە دوای خۆیدا هێنا. ئەو کاتە کە ئەمریکا بڕیاری بایکۆتی بەشی نەوتو بانکی ناوەندیی ئێرانی دا ئەو گەمارۆیانە بە توندی کاریگەری لەسەر دۆخی ئابووری ئێران دانا. دیپلۆماسی ئەحمەدی نیژاد ئێرانی تەنانەت لە ناوچەکەش هەر تەریکتر خستەوە. بۆ نموونە لە پێش دەست پێکردنی گۆڕانکارییەکانی میسر، پێوەندیی ئێرانو میسر زۆر باش نەبوو. کاتێک مورسی وەک ڕێبەری بەرەی موسلمانان بوو بە سەرۆک کۆمار نەتەنیا ئەو پێوەندییە باشتر نەبوو، بەڵکوو بەرەو خراپتریش رۆیشت. هەربۆیە دیپلۆماسی ئەحمەدی نیژاد لە پێوەندیی نێودەوڵەتیدا دیاردەیەک بوو کە ئەگەر بمانهەوێ ئەو بابەتە شیبکەینەوە کە چۆن دیپلۆماسییەکی خراپ دەتوانێ وڵاتێک ئیفلیج بکا، ئەوا دەبێ دیپلۆماسی ئەحمەدی نیژاد وەک نموونە بهێنینەوە.

## دیپلۆماسی دەوڵەتی رووحانی

دەوڵەتی رووحانیو دەزگای دیپلۆماسیی ناوبراو بە ڕێبەری محەممەد جەوادی زەریف لە کەمتر لە ساڵێک لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لە ئاکامی دیپلۆماسی ئەحمەدی نیژاد چوونە ریزی دوژمنانی کۆماری ئیسلامییەوە، پێوەندییەکی ئاسایی دادەمەزرێنێتەوە. بەکارهێنانی زمانێکی سیاسی ئەوڕۆپییانە لە پێوەندیی نێودەوڵەتیداو ئەستاندنەوەی بەشێک لەو پرۆژە ئابوورییانەی کە لە رووی دەمارگرژی دراونەتە رووسیاو چینو دانەوەیان بە وڵاتانی ئورووپایی گرفتی ئێران- ئورووپا دەتوانێ چارەسەر بکا. وڵاتانێک وەک ئاڵمان کێشەیەکی بنەڕەتییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەبووەو ڕابردوویەکی خراپیشی لەگەڵ ئێران نەبووە، هەر بۆیە هاوکارییەکی سادەی بیژەنی زەنگەنە وەزیری نەوتو زەریف وەزیری دەرەوەی کابینەی رووحانی کە سیاسەتێکی نەرمیان بەرانبەر بە رۆژئاوا هەیە، دەتوانێ پێوەندی ئورووپا-ئێران چارەسەر بکا.

## پێوەندیی ئێران- ئەمریکا

بابەتی پێوەندیی ئێرانو ئەمریکا گرێی سەرەکی دیپلۆماسی ئێرانە. هەرچەند کێشەی ئێران و ئەمریکا ئێستاکە لە سەر بەرنامەی ناوکی ئێران چڕ بۆتەوە، بەڵام ئەو کێشەیە زۆر لەوە گەورەترە. ئەو کاتە کە جیهان دوو جەمسەری بوو، شای ئێران پێوەندییەکی باشتری لەگەڵ رۆژئاواو بە گشتی لەگەڵ جەمسەری سەرمایەداری هەبوو. هەر بۆیە بە گشتی خەڵکی ناڕازی بەرەو ئایدیای چەپو جەمسەری یەکیەتیی سوڤییەت پەلکێش کران. ڕێبەریی جەمسەری سۆڤییەت هەمان رووسیا بوو، ئەمریکاش بەرە بەرە هەرچی زیاتر ڕێبەری جەمسەری سەرمایەداری لە چنگ گرت. ئەو کەلێنەی نێوان شاو خەڵک بەستێنی نفووزی چەپ لە ئێراندا و کولتووری دژە ئەمپریالیستی و لە راستیدا کولتووری دژە ئەمریکایی رەخساند. دواتر ئەو هێزانەی دوای شا هاتنە سەر دەسەڵات تەنانەت هێزە ئسلامییەکان ئەو روانینو کولتوورە دژە ئەمریکاییەیان هەر هەبوو. ئەو هاوبەشییەی نێوان هێزە ئیسلامیو چەپەکان لە دەستبەسەردا گرتنی بالوێزخانەی ئەمریکا بە روونی رەنگ دەداتەوە، چونکە هێزە چەپەکانیش کردەوەی کومەلێک خوێندکاری بڕوامەند بە خومەینی بە نیسبەت گرتنی بالوێزی ئەمریکایان بە دروست و چاک لە قەلەم دا. هەڵبەت رۆیشتنی شا بۆ ئەمریکا بە بیانووی ئەنجامدانی چارەسەری پزیشکی لە تەقینەوەی قینی کەلەکەبوو لە دژە ئەمریکاییدا کاریگەر بوو. هاوکاری ئەمریکا لە گەڵ دەوڵەتی سەددام لە رەوتی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران —عێراقدا بووە هۆی بەردەوامی دوژمنایەتی نێوان ئەمریکاو ئێران. پێویستە سەرنج بدەینە ئەو خاڵە کە لە ساڵی ٢٠٠٢وە دژایەتی ئێرانو ئەمریکا لە سەر بەرنامەی ناوکی چڕ دەبێتەوە. هەر بۆیە پێوەندیی ئێرانو ئەمریکا هەر خراپ بوو، بەڵام ئەو خراپییە ئەو جارە لە سەر بەرنامەی ناوکیی ئێران رەنگی دایەوە. بەرنامەی ناوکیی ئێران تاکوو پێش لە دەوڵەتی رووحانی لە لایەن سێ کەسەوە نوێنەرایەتی کراوە. خۆدی رووحانی لە سالەکانی ١٣٨٢ تا ١٣٨٤ لە سەردەمی دەوڵەتی خاتەمی بەرپرسیارەتی دانیشتنەکانی بەرنامەی ناوکی لە ئەستۆ بوو. ئەو نەیهێشت پەروەندەی ناوکی ئێران ببردرێتە شوورای ئەمنییەتو غەنیسازی ئۆرانیۆمیشی ڕاگرت. لاریجانی لە ساڵی ١٣٨٤ تا ١٣٨٦ لە سەردەمی دەوڵەتی ئەحمەدی نیژادی بەرپرسایەتی وتووێژەکانی پێوەندیدار بە بەرنامەی ئەتۆمی لە ئەستۆ گرت. لەو دەورانەدا پەروەندەی ناوکی ئێران چووە شوورای ئەمنییەتو سێ بڕیارنامە گەمارۆ لە دژی ئێران دەرکرا. لە ساڵی ١٣٨٦ هەتا هاتنەسەر کاری دەوڵەتی یازدەهەم، سەعیدی جەلیلی بەرپرسایەتی دانیشتنەکانی پرسی ناوکی لە ئەستۆ گرت. لەو ماوەیەدا چوارەمین بڕیارنامە لە مارسی ٢٠٠٨ لە دژی بەرنامەی ناوکی ئێران دەرکرا و هەروەها ئاژانسی ئناوکی ڕایگەیاند کە ئێران بە بێ ئاگاداری ئەوان هێندێک دامودەزگای ناوکی لە قوم هەیەو کاری غەنیسازی ئەنجام دەدا. هەر بۆیە کاتێک ئوباماش هاتە سەر دەسەڵاتو هەوڵی دا لە سەر بەرنامەی ناوکی لەگەڵ ئێران وتووێژ بکا، لایەنی بەرامبەری واتە سەعیدی جەلیلی باسی لە خۆڕاگری ئێران دەکردو نەیدەویست وتووێژ بکا. بە گشتی لە ئێستادا نەک بە هۆی دێمۆکراتیکبوونی سیستمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بە هۆی هەلومەرجی نالەباری ئابووریی ئێران، سیستمی کۆماری ئیسلامی بە قەوڵی خامنەیی پێویستی بە «نرمش قهرمانانه« هەیە. هەر بۆیە بەستێن بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی رووحانی تا ڕادەیەک ئامادەیەو خودی ئەو سەرکەوتنەش دەستی دەوڵەت لە کردنەوەی فەزای نێوخۆیی ئاوەڵاتر دەکا. دیارە ئەوەش بە واتای ئەوە نیە کە پێوەندی ئەمریکاو ئێران ئەوەندە باش دەبێ کە بۆ نموونە ئەمریکا وەک وڵاتانی دیکە باڵوێزخانەی لە ئێران هەبێ. یا وڵاتێکی وەک ئیسرائیل بالوێزخانەی لە ئێران هەبێ و وەک وڵاتانی دیکەی ناوچە پێوەندیی ئاسایی لەگەڵ ئێران ببەستن. سیستمی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساودانو رەوایی دان بە سیاسەتە نێوخۆییەکانی خۆی واتە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە بە لەسەر خەڵک، پێویستی بە هەبوون و تەنانەت دروستکردنی سیستمێکی نادادپەروەرانەی نێودەوڵەتی هەیە. ئەوەش بە زمانێکی ساکارتر بەو واتایە ئەگەر دوژمنێکی گەورەی وەک ئەمریکا نەبێ جەوهەری ئیسلامییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەمان بوونی کۆمەلێک دامودەزگای ئاخوندی و ئاسمانییە لە نێو دەچێ.

## گۆتاری ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی

ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بەو ئاسۆیە کە بە هاتنەسەرکاری دەوڵەتی رووحانی لە داهاتووی پێوەندی نێودەوڵەتیو نێوخۆیی ئێران لە ٤ ساڵی داهاتوودا چاوەروان دەکرێ، واتە چارەسەرکردنی پەروەندەی ناوکی، لاچوونی گەمارۆکانی رۆژئاوا و باشتروونی دۆخی ئابووری ئێران دەبێ گۆتار و پرۆگرامێکی نوێی هەبێ. رەنگە هەڵسەنگاندنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هەڵسوکەوتی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ دەوڵەتی خاتەمی تا ڕادەیەک بۆ ئەورۆش هەر بە کەڵک بێ چونکە دەوڵەتی رووحانی نوێنەرایەتی رێفۆرمخوازان دەکا. بەسەرنجدان بەو راستییە کە ئەو ئەدەبیاتەی ئەحمەدی نیژاد لەگەڵ دنیا قسەی پێدەکرد یارمەتیدەری ئەوە بوو کە زۆر بە سادەیی دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی بۆ دنیای دەرەوە بسەلمێ. ئێستا ئەو زمانە سیاسییەش نەماوەو ئەگەری ئەوەش هەیە کە فەزای نێوخۆیی ئێرانیش تاڕادەیەک بکرێتەوە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە گۆتارو پلانی ئۆپۆزیسۆنی کوردی چ گۆرانێکی بە سەر دادێ؟

سەرچاوەکان:
١. روابط ایران و امریکا: سی و سه سال پس از گروگانگیری www.youtube.come
٢. مقایسەی کارنامه روحانی، لاریجانی و جلیلی در مذاکرات اتمی، سایت بی بی سی فارسی
٣. امریکا و مصدق، طراحی یک کودتا ، سایت بی بی سی
٤. صفحه ویژه روابط ایران و امریکا، سایت بی بی سی
٥. مناظره زیباکلام و کوچک زاده در گرماگرم انتخابات ریاست جمهوری www. youtube.come

# ئەزموونێکی ساوای دێموکراسی

سیروان مەریوان

پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی کوردستان لە کەشێکی تایبەتدا بەڕێوەدەچێو کوردانی هەر چوار بەشی کوردستانو هەموو دۆستانی کوردو دێموکراسیخوازان بە چاوی ئومێدەوە دەڕواننە ئەم پرۆسەیە. بە پێی پێوەرە ستانداردەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا لە دوای ئیسرائیل و لوبنان، هەرێمی کوردستان سێهەمین وڵاتە کە خەریکە لە کەشێکی هێمنو تا رادەیەک سەقامگیردا هەڵبژاردنی ئازاد ئەزموون دەکا. هەربۆیە ئەم ئەزموونە لەلایەک بووەتە جێی شانازیو ئومێدی هەموو کوردو لەلایەکی دیکەوە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا بەهێزتر دەکا.

گرینگی ئەم هەڵبژاردنە ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێ کە سەرنجی دۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بدەین. رۆژئاواییەکانیش زیاتر لەم چوارچێوەیەدا ئەزموونی دێموکراسیو پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنن. ئەم هەڵبژاردنە لە کاتێکدا بەڕێوەدەچێ کە شەڕو ئاژاوەو نائارامی و تیرۆریزم زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتۆتەوەو لە نێو ڕای گشتی جیهانیدا ئەم ناوچەیە بە شەڕو تیرۆریزم دەناسرێتەوە. لە چەند وڵاتی دیکەی ناوچەکەشدا کە ئاسایشو ئەمنییەت سەقامگیرەو ئابوورییەکی گەشەسەندوویان هەیە، بەڵام بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازادو دێموکراتیک لەو وڵاتانەدا وەک خەون وایە. هەربۆیە لە وەها بارودۆخێکدا بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان جێی سەرنجە.

ئێستا بە جێگەی ئەوەی بگوترێ ئەزموونی ساوای حکوومەتی هەرێمی کوردستان، باشترە بگوترێ ئەزموونی ساوای دێموکراسی لە هەرێمی کوردستان. واتە لە وەها بارودۆخێکدا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەرکی هیزە سیاسییەکانی باشووری کوردستانە بە هێزەکانی نێو دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنەوە کە دەست بەم ئەزموونە ساوایەی دێموکراسییەوە بگرنو رۆژبەرۆژ گەشەی پێ بدەن. دێموکراسی بە یەک هەڵبژاردنو چەند هەڵبژاردنێک سەقامگیر نابێ، بەڵکوو بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازادو لە کاتی خۆیدا هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسی. دێموکراسی ئەو کاتە سەقامگیر دەبێ کە بووبێتە کلتوورو هەرێمی کوردستانیش هێشتا لە سەرەتادایە. بۆ وێنە هەرێمی کوردستان هێشتا ئەزموونی دەستاودەست کردنی دەسەڵاتی لە نێوان هێزی ئۆپۆزیسیۆنو هێزی دەسەڵاتداردا نەکردوە. هەتا چەند جار دەستاودەست کردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی دێموکراتیکو هێمنانە ئەزموون نەکرێ، ناکرێ باس لە سەقامگیربوونی دێموکراسی بکەین.

لەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی گوزار بەرەو دێموکراسی دان، هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنو هێزە دەسەڵاتدارەکان وەک یەک لە سەقامگیرکردنی دێموکراسیدا رۆڵ دەبینن. یەکێک لەم دوو لایەنە ئەگەر نەتوانێ رۆڵی خۆی بە دروستی بگێڕێ، ئەوا ئەزموونی دێموکراسی دەکەوێتە مەترسییەوە. لەم وڵاتانەدا کە ئەزموونی دەستاودەست کردنی دەسەڵات بوونی نەبووە، هێزە دەسەڵاتدارەکان نیگەرانی چارەنووسی خۆیان لە دوای پرۆسەی دەستاودەست کردنی دەسەڵاتن. چونکە پێشتر هەر کەسێک دەسەڵاتی لە دەست داوە ئەوا بۆ هەمیشە لە دەستی داوە. بۆیە پێویستە ئۆپۆزیسیۆن بتوانێ ئەو نیگەرانییە بڕەوێنێتەوە.

هەرێمی کوردستانیش ئێستا لە قۆناغی گوزاردایەو ئەگەر هێزە سیاسییەکان نەتوانن لە نیگەرانییەکانی یەکتر تێبگەن، ئەوا کۆی ئەزموونەکە دەکەوێتە مەترسییەوە. بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە، چوار ساڵی رابردوو، هەرێمی کوردستان تا رادەیەکی بەرچاو ئەزموونێکی سەرکەوتوانەی تێپەڕ کرد. ئەزموونی چوار ساڵی رابردوو بریتی بوو لە ئۆپۆزیسیۆنێکی چالاکو رەخنەگر و دەسەڵاتێک کە لە ژێر فشاردا چالاکانەتر لە پێشتر داخوازییەکانی خەڵکی جێبەجێ دەکرد.

هەڵبژاردنەکەی ئەمجارەش دەرفەتێکی دیکەیە لە بەردەم ئەزموونی دێموکراسیو شێوازی تەعامول کردنێکی شارستانیانەو هێمنانەی دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا. ئەوەی ئێستا بۆ ئەم ئەزموونە گرینگە ئەوەیە هەر دوو لایەنی دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن بە هەستیاریو هەست بە بەرپرسیارەتییەوە هەنگاو بنێن. هەر دوو لایەن لە چوار ساڵی داهاتوودا دەبێ بە چەشنێک هەڵسوکەوت بکەن کە لە ئاست هەستیاری بارودۆخەکەدا بێو بتوانن لە بەردەم مێژوودا روو سووربن.

**میل، گەنجێکی وشکو رەزاگران، شەکەتو یەکجار زوو ڕسکا بوو، لە سۆنگەی ئەو ئەشکەنجە دەروونی‌یەیەوە، بوو بە خاوەن بەهرەیەکی کەموێنە. لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی یەکجار وشکو هەروەها ئەو هێزی ئافراندنەی کە باوکی تێی‌دا پێک هێنابوو، بوو بە پیاوێکی زۆر تێگەیشتوو و توانی لەگەڵ روانگەگەلی دیکەش جوان مامەڵە بکا. هەر بۆیە ئامانجە زۆربەرزەکەی پوختەتر ببوو. هەستێکی زۆر گەش‌بینانەی لەمەڕ واتای مرۆڤانیی رەزامەندیی پەیدا کردبوو و بۆیە بە سووک چاوی لە تاقمگەرایی بەرچاوتەنگانەو بیرتەسکی دەکرد.**

# ژیان و بەرهەمەکانی جۆن ستیوارت میل

**(٢ –٧)**

ن: پاڵ ستراتێرن

و:مادح ئەحمەدی

پرۆگرامی پەروەردەی جۆن، بێ‌گوێدانە هیچ ویستو حەزێکی دیکەی ئەو، رۆژانە لە کاتژمێر شەشی بەیانی‌یەوە دەستی پێ‌دەکردو هەتا لای ئێوارەی دەخایاند. بۆی نەبوو لەگەڵ منداڵانی دیکەدا یاری بکاتو نەدەبوو پشووش بدا، تاکوو فێرە تەمبەڵی نەبێو هەروا یەکبین لە خوێندن بەردەوام بێ. هەروەها نەدەبوو بە لای شێعرو خەیاڵدا بڕوا. باوکی پێی وابوو کە دەبێ سۆزی تایبەت بکرێتە قوربانیی دەربڕینی راشکاوانەی دانبەخۆداگرانەی سەلماندن یان رەتکردنەوەی گشتی. لە میتۆدەکەشی‌دا پشتی بەم پەندەی»واڵتەر لیندور» دەبەست کە دەڵێ: «ئاشناکان کەم، دۆستان کەمتر، نایەکدڵ.» جیمز میل گەورەترین داکۆکیکاری ئاشکرای بنەمای چێژی بێنتام بوو. هەروەها مامۆستای «ریکاردۆ» بیرمەندی گەورەی ئابووری بوو ـ کە لە ماڵە چۆڵەکەی‌دا ببووە بوونەوەرێکی سامناکی ڤیکتۆریایی. پەرۆشو مشووری ناوبراو بۆ پەروەردەکردنی کوڕەکەی لەرادە بەدەر بوو. جۆن ستیوارت میل دەڵێ، لەتەمەنی سێزدە ساڵی‌دا «خولێکی تەواوی لە ئابووری سیاسی‌دا» بینیبوو. ئەمە چ درۆی تێدا نەبوو: لەمەودوا ئیدی لە دەمەتەقێی نێوان باوکیو رێکاردۆدا بەشدار دەبوو، نوێترین بۆچوونە ئابووری‌یەکانی دەقۆستەوەو تەنانەت جاروبار تێبینیی زۆر وشیارانەی خۆشی دەردەبڕی.

میل لە تەمەنی پازدە ساڵی‌دا واتە ساڵی ١٨٢١ «نامیلکەی «ئەخلاقیات و قانووندانان» ی بێنتامی خوێندەوە. بۆ خۆی دەڵێ: کاتێک ئەم بەرهەمە سێ‌بەرگی‌یەم تەواو کرد»ببووم بە کەسێکی دیکە». ئۆگریی بۆ بێنتامو بیروباوەڕە سوودگەرایانەکەی بێ‌سنوور بوو. «لێرە بەدواوە شتێکم هەبوو کە بەهەق دەبێ پێی بگوترێ ئامانجی ژیان، ئەویش بوون بە ریفۆرمیستێکی جیهانی بوو.»

بێنتام قەت لە خەمی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی‌دا نەبوو. داوای لە هاوڕێیانو کەسانی نزیکی دەکرد کە کتێبە تەواوبووەکانی لەو نامیلکە ناتەواوانەی کەوا رۆژانە دەی‌نووسینو بریتی بوون لە تێرامانە گشتی‌یەکانی لەبارەی بابەتگەلی جۆراوجۆری رۆژانەوە، لێک هەڵاوێرنو کۆیان بکەنەوە. جۆن ستیوارت میل لە تەمەنی هەژدە ساڵی‌دا ئەرکی گەورەی کۆکردنەوەو داڕشتنی هەزاران لاپەڕە لە دەستنووسە ناخۆشەکانی بێنتامی وەئەستۆ گرت. کە بەسەر یەکەوە زیاتر لە یەک میلیۆن وشە دەبوون. لە ئەنجامدا وەک بەرهەمێک «لەبارەی شایەتەکان» لە چەند بەرگدا بڵاو کرایەوە.

دواتر میل لە ژیاننامەکەی‌دا کە بۆ خۆی نووسیویەتی ئەو راستی‌یەی وەبیر هێنایەوە کە «من هیچکات گەنج نەبووم.» دەتوانی فەزای ماڵەکەی بێنیتە پێش چاوی خۆت کە تێی‌دا پیاوێک دەسەڵاتی هەیە کە کوڕەکەی ئاوای باس دەکا: «هەرچەشنە سۆزو خۆشەویستی‌یەکی لە هەر بەرگێکدا بووایە ... زۆر بە سووکو چرووک دەزانی. ئەم بابەتانە لای ئەو جۆرێک بوون لە شێتی.» ئاخۆ دایکی میلی گەنج لەگەڵ ئەم دۆخە چی دەکرد؟ ئەو لە ترسان یان لەبەر بێ‌دەسەڵاتی، هیچی نەدەکرد. ئەمانەی بەچاوی خۆی دیتبوو: دایکی شێتخانەیەکی بەڕێوە دەبرد. جۆن ستیوارت میل زۆر بە مەبەست، لە سەرجەم ئەو ٣٢٥ لاپەڕەی ژیاننامەی خۆی‌دا بۆ یەک جاریش ئاماژەی بە دایکی نەکردوە.

شۆردنەوەی مێشکی جۆن ستیوارت میل بە یارمەتیی باوکی ئەوەندە سەرکەوتووانە بوو کە لە تەمەنی بیست ساڵی‌دا تەنانەت ژیانی دەروونیی ئەو بەتەواوی لە ژێر هێژێمۆنی ئەقڵدا بوو. ئەو تەنانەت ئیزنی بە خۆی نەدەدا کە سەرپێچی لە بڕیارەکانی مێشکی راهێنراو و شۆردراوەی خۆشی بکا. تەنانەت وا دەردەکەوت کە لە بەهرەی دەگمەنی خۆشی ئاگادار نیەو ئەم بەهرەیەشی «نەک هەر لە سەروو ئاستی باوی خۆیەوە نەدەدی، بەڵکوو بە کەمتری لە قەڵەم دەدا. «ئەوەی ئەمن دەمتوانی ئەنجامی بدەم، بێ‌گومان هەر کچ و کوڕێکی دیکە بە توانایەکی مامناوەندی‌یەوە دەیان‌توانی ئەنجامی بدەن.» کەچی بڕیارێکی ئاوا کەسێک دەیدا کە قەت لە گەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی هەڵسوکەوتی نەکردبوو یان ئازادانە قەت گفتوگۆی نەکردبوو. بەو حاڵەش، وشیاربوونەوەیەکی بەردەوام , وردەوردە لە گەنجێکدا کە قەت گەنجیەتیی نەکردبوو , سەری هەڵدا. لە رۆژێکی تەمومژاویی پاییزی ١٨٢٦ی لەندەندا، وەک هەمیشە سەرقاڵی ئەرکەکەی بوو، لەپڕ هەڵوەستەیەکی کردو لە خۆی پرسی «وام دانا هەموو ئاواتەکانت هاتنەدی ... ئاخۆ ئەمە شادو خۆشحاڵت دەکا؟» بە قسەی خۆی «وشیاری‌یەکی خۆڕسک بە بەرزی وەڵامی دایەوە، نا! دڵم داخورپا: ئەستووندەکی ژیانم بەتەواوی شکا.» ئەو پیاوە گەنجەی بڕوایەکی پتەوی بە فەلسەفەی رەزامەندی هەبوو، بۆخۆشی دەستەبەر نەدەکرا.

جۆن ستیوارت میل هەر لە کۆنەوە پەریشانی‌یەکی دەروونیی لەگەڵدا بوو. وا دیار بوو دەی‌شاردەوە، تەنانەت لە دایکو باوکیشی شاردبووەوە، وا دیار بوو قەت پێیان نەزانیبوو. بەو حاڵەش لە سۆنگەی ئەو کێشە دەروونی‌یەیەوە، ئاڵوگۆڕێکی مەزن بەڕێوە بوو. میل دەستی کرد بە خوێندنەوەی شێعرە رۆمانتیکەکانی «وۆردزۆرس»و بەرهەمەکانی کۆمەڵێک رووناکبیری رۆمانتیکی وەک «سەن سیمۆن» کە داوای ریفۆرمی کۆمەڵایەتیی لە فەرەنسادا دەکرد. دواتر رۆژێک لە کاتی خوێندنەوەی بیرەوەری‌یەکان‌دا بە هەڵکەوت شاعیری هەستناسکی فەڕانسەیی «ژان فرانسوا مارمۆنتل»ی دۆزی‌یەوە. کاتێک گەیشتە ئەو بەشە کە شاعیرەکە باسی مەرگی دایکی دەکرد، دەستی بە گریان کرد. باسی ئەوە دەکا کە ئەو «وێنە بەهێزە»ی شێعرەکە کاری تێ‌کردبوو هەرچەند باسی ئەوە ناکا کە دیمەنەکە چی بووە. ئەو ویستە سەرکوتکراوە کە رووداوێکی وەها لە ژیانی‌دا رووی داوە، کەتبووە پێش سەردەمی «فرۆید»دوەو لێکدانەوەی زەحمەت بوو. میل بەو ئەنجامە گەیشت کە چاک بووەتەوە: «ئازارێکی ئەوتۆ کە دەیگوت، هەموو هەستێکم مردوە، نەمابوو.» جۆن ستیوارت میل ئەوجا کەوتە ئافراندنی مرۆڤ لە فەلسەفەکەی خۆی‌دا.

میل ئەگەرچی باوەڕی بە سوودگەرایی هەبوو، بەڵام لە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە ئاوڕی لە بناغەدانەرانی دایەوە. سەبارەت بە بێنتام گوتی:»وشیاریی ئەم رۆحە ئاواڵدووانەی بژاردەکانی سەردەمی ئێمە (واتە کەسانێکی رۆمانتیکی وەک وۆردزۆرس) , قەت لەودا پێک نەهات.» بەو پێیە بەو ئەنجامە گەیشت کە بێنتام سەر بە «ناکارامەترین و ساردوسڕترین نەوەیە کە بەریتانیا پەروەردەی کردوە.» لەم بۆچوونەدا تەنیا ئەو نیمچە دژایەتی‌یە وشیارانەیەی ئەوی بەرامبەر بە باوکی دەرنەخست، بەڵکوو هەرلەوکاتەدا پێشی وابوو کە بێنتام «خێرخوازێکی گەورەی مرۆڤایەتی»یە. میل جگە لە هێنانەئارای توخمی مرۆیی هەروەها دەیەویست بەگشتی پەرە بە چەمکی سوودگەرایی بدا. بۆ ئەم مەبەستەش ئەوەی وەک چەمکی لیبراڵی بەرینو بەسوود دەستی پێ‌کردبوو، دەبوو لە رووی لۆژیکی‌یەوە بیکاتە فەلسەفەیەکی داڕێژراو و بەڵگەمەند.

میل سەرەڕای ئەوەی دەیگوت، چاک بووەتەوە، کەچی وردەوردە لەو بارە پەرێشانە دەروونی‌یە دەرباز بوو. ئێستا ئیدی بە بەشداربوون لە کۆنسێرتە کلاسیکەکان‌دا، باوکی توورە دەکرد. هەرلەوکاتەدا لە گەرمەی چێژوەرگرتن لەو چەشنە کۆنسێرتانە، زەینە لۆژیکی‌یەکەی دەبزووتو خەمی ئەوەی لێ‌دەنیشت کە مۆسیقاکە درەنگ یان زوو هەر کۆتایی دێ. تەنیا ژمارەیەکی دیاریکراوی نۆتی هەیە و بێ گومان هەموویان دەکار دەکرێن. (سەرەڕای ئەو نەزانکاری‌یە ساکارەی میل، بەخۆشی‌یەوە لەسۆنگەی تەندروستیی ئەقڵی‌یەوە، هێزە لۆژیکی‌یە ریزپەڕەکەی گەڕایەوە).


میل، گەنجێکی وشکو رەزاگران، شەکەتو یەکجار زوو ڕسکا بوو، لە سۆنگەی ئەو ئەشکەنجە دەروونی‌یەیەوە، بوو بە خاوەن بەهرەیەکی کەموێنە. لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی یەکجار وشکو هەروەها ئەو هێزی ئافراندنەی کە باوکی تێی‌دا پێک هێنابوو، بوو بە پیاوێکی زۆر تێگەیشتوو و توانی لەگەڵ روانگەگەلی دیکەش جوان مامەڵە بکا. هەر بۆیە ئامانجە زۆربەرزەکەی پوختەتر ببوو. هەستێکی زۆر گەش‌بینانەی لەمەڕ واتای مرۆڤانیی رەزامەندیی پەیدا کردبوو و بۆیە بە سووک چاوی لە تاقمگەرایی بەرچاوتەنگانەو بیرتەسکی دەکرد.


پاش ئەم وەرچەرخانە قووڵە دەروونی‌یە. لە تەمەنی بیستوچوار ساڵی‌دا عاشقی ژنێک بوو کە بە لایەوە زۆر سەرنجراکێشو زیرەک بوو. ئەویش «هەرییت تیلۆر»ی بیستو دووساڵ بوو، شاعیرێکی پڕ هەستو سۆزی کەوی بوو، زوو وەڵامی جۆنی دایەوە. بەڵام مخابن شوودار بوو ـ شووەکەی بازرگانێکی بەکەیفو سەرکەوتوو بوو کە دەرکەوت لە تێگەیشتن و زانایی‌دا لە میل کەمتر نیە. جۆن هەرییت تیلۆری خۆش دەویست، بەڵام هاوسەرە بەهێزەکەی زوو بەو قەناعەتەی گەیاند کە جۆن ستیوارت میلی خۆش دەوێ. هەستی وەفاداری «هەرییت» بە مێردەکەی ـ کە زۆر قووڵ خۆشی دەویست ـ وای لێ‌کرد تاکو مێردەکەی لەوە دڵنیا بکاتەوە کە ئەگەرچی پێداگرە لە سەر ئەوەی دڵبەرەکەی ببینێ، بەڵام لە نێوانیان‌دا پێوەندی‌یەکی «ناشیاو» نایەتە گۆڕێ. ساڵی دواتر شاژنە «ڤیکتۆریا» بوو بە شاژنی بەریتانیاو ئەم پێوەندیە ئەویندارانەیە (ڤیکتۆریایی‌یە) بیست ساڵی دیکەشی خایاند.

میل بەردەوام لە گەڵ هەرییت تیلۆر یەکتریان دەبینی‌وتەنانەت هەندێ جار کە جۆن تیلۆر بە بۆنەی کاری بازرگانی‌یەوە لە سەفەردا بوو، پشووی کۆتایی هەفتەشیان پێکەوە دەبردە سەر. کاتێکیش دەرفەت نەڕەخسابا، جۆن تیلۆر دوای نانی شێوان بەئەنقەست دەچووە یانەکەی خۆی‌و دواتر سەروکەللەی جۆنی عاشقی ژنەکەی بۆ شەوێکی ئەفلاتونی وێڕای شێعرو باسی فەلسەفی، پەیدا دەبوو. پاش چەند ساڵ جۆن تیلۆر وای لێ‌هاتبوو زوو هەڵدەچوو، جۆن ستیوارت میلیش بەردەوام برۆی دەفڕی (لەنەکاو توند دەجووڵا)و چەند ئازارێکی رۆحییش هەرییتیان تێک دا ـ بەڵام بەدەر لەمانەش، بەرواڵەت وا دیار بوو هەموویان ئارامو بێ کێشەن. ئەمان کە پشتیان بەوپەڕی هێزی رەسەنایەتیی خۆیان دەبەست، هەر سێکیان قاڵ ببوون، بۆیە هەرسێکیان سەر کەوتن. تیلۆر لە بازرگانی‌کردن بە کەرەستە کیمیایی‌یەکان پارەیەکی زۆری کۆ دەکردەوە، میل بوو بە فەیلەسووفێکی دیارو هەرییتیش کاریگەری‌یەکی زۆری لە دروستبوونی بۆچوونەکانی‌دا هەبوو. (میل دواتر رای‌گەیاند کە لە نووسینی زۆربەی بەرهەمە سەرەکی‌یەکانی‌دا، هەرییت هاوکاریی کردوە.) ئەودەم رۆژ رۆژی دەنگۆ ڤیکتۆریایی‌یەکان بوو. میل لە گەڵ سەرجەم ئەو دۆستو هاوڕێیانەی کە تەنانەت پرکێشیی ئەوەیان کردبا کە لە لای باسی دڵبەرەکەی بکەن، دەنگی دەبڕی. تیلۆر سەرقاڵی میوانیگەلی مەی‌خواردنەوەی شەوانەی خۆی بوو. هەرییتیش توانایەکی سەیری لە خۆ بوورانەوەدا پەیدا کردبوو.

میل هەر وا شێلگیر بوو لەسەر ئەرکەکەی خۆی. لە تەمەنی هەژدە ساڵی‌دا چووە نێو کاری بەڕێوەبەری‌یەوەو پۆستێکی بەڕێوە دەبرد لە کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵات کە باوکی یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی بوو. (جیمز میل ئیزنی ئەوەی نەدەدا کە کوڕەکەی میراتە فیکری‌یەکانی لە زانکۆدا خراپ بکا). چەند ساڵ دواتر جۆن ستیوارت میلیش ئەرکی هەڵبژێری «وێست مێنستر ری ڤیو» ی بەناوبانگی گرتە ئەستۆ کە نووسەرانێک وەک: کالریجو جۆرج ئەلیوت کاریان تێدا دەکرد. (یەکێک لە دەسکەوتە ئەدەبیو فەلسەفی‌یەکانی ئەم گۆڤارە، ناساندنی کانت بە خوێنەرانی ئینگلیزی زمانو لێکدانەوەی بەرهەمەکانی شۆپێنهاوەری نەناسراو بوو کە ئەمەش وای کرد، هەرچەند بە درەنگەوە، بەڵام پاش ئەم کارە، ناوبانگی شۆپێنهاوەر لە ئەڵمانیا بڵاو بێتەوە.)

ئێستاکە ئیدی بێنتام هەر پەیکەرە ترسێنەرە مۆمیایی‌کراوەکەی لە سندووقێکی شووشەیی‌دا لێ‌مابووەوە. ساڵی ١٨٣٦ جیمز میلیش کەوتە نێو جێگاو بەو بۆنەیەوە، جۆن ستیوارت میل، تووشی نەخۆشی‌یەکی دەوورنیی دیکە هات. هەربۆیە لە دوارۆژانی ژیانی باوکی‌دا نەی‌توانی لە لای بێ. دوای کۆچی دوایی جیمز میل کوڕەکەی چاک بووەوە، بەڵام ئێستا فڕینی برۆی دیارتر بوو.





کوردستان
ئەدەب و هونەر
ژمارە: ٦١٦
٣١ی خەرمانانی ١٣٩٢
٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٣

# ڕەخنە چییەو، ڕەخنەگر کێیە؟



عەلی لەیلاخ

ڕۆژ نیە هەرکام لە ئێمە چ لە ڕاگەیدنەکان یان لە قسەو باسی ئاسایی ڕۆژانە گوێ بیستی وشەی ڕەخنە نەبین. یان ڕەنگە بە هۆی چالاکییەکانمانەوە کەسانێک لەم بارەوە ڕەخنەمان لێ‌نەگرن، کە زۆر جار بە دوو هۆی سەرەکیی؛ یەکەم جۆری ڕەخنەگرتن، کە تاچە ڕادەیەک دروستو زانستییە، دووهەم بە هۆی ڕەوانییەوە ڕەنگە پێمان سەختو ناخۆش بێ. ئەوە لە کاتێک دایە کە ئەگەر چوارچێوی ڕەخنە چ بۆ خۆمان یان کەسانی بەرانبەرمان لە پێش چاوی بگرین‌و لێی بزانین، ڕەخنە سوودی زۆرەو ڕێگەی سەرکەوتنمان هەموار دەکا. کەوایە بۆ باشترین ناسینی ڕەخنەو ڕەخنەگر جێی خۆیەتی هێندێک باسی لەسەر بکەین.

ڕەخنە لە زمانەکانی ئورووپاییدا ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر وشەی یونانی (krites)، کە بە مانای لەیەک جیا کردنەوەو قەزاوەت کردنە. هەربۆیە لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا ڕەخنە وەکوو فەنێک بۆ دۆزینەوەو خستنەڕووی هەڵەکانی نووسەر بەکار دەهات، بەڵام لە سەدەی ١٧بەملاوە بوو بە زانستێک کە زیاتر ڕاڤەوتوێژینەوەی لە دەقە ئەدەبییەکان دەکرد کە تا ئێستا ئەم شێوە ڕەخنەیە لە هونەرو ئەدەبیات بە ناوی هێرمنۆتیک یان ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی بەردەوام ماوە.

هەرچەند سادەترین مانای ڕەخنە لە هەموو بوارێک بە تایبەتی لە ئەدەبیاتو هونەر یانی جیاکردنەوەو جیاوازی دانان لە نێوان باشو خەراپ»، ڕاستو ناراست»، «دروستو نادروست»، کە واتە ڕەخنە پێوانەیەکە بۆهەڵسەنگاندنو جیاکردنەوە.

ئەگەرچی هەتا سەدەی ١٨ ڕەخنە بە مانای دادوەرییو قەزاوەت نەبوو، بەڵام هزروانانێکی وەکوو سوقرات کە ڕەخنەگری سەردەمانی خۆیان بوون بە دادوەری ڕۆژگاری خۆیان ناسراون.

دەتوانین بڵێین کە لەمێژە ڕەخنە چەمکێکی فیکرییو ڕووناکبیرانەیە، بۆ نموونە بزووتنەوەی چاکسازیی دین، کە لەسەر دەستی کەسانێک وەکوو «لۆتر» و گالۆن» سەری هەڵدا، کە وەک دادوەرێکی ڕەخنەگرانە لە دینی دەڕوانی.

کانت» کە بە باوکی ڕەخنەی مودێرن ناسراوە، لە کتێبی «سنجش خرد ناب»١٧٨١دا، تێکۆشانی ڕەخنەگر وەکوو قازیو دادوەرەکان لە دادگا، ناویان دەباو، سەردەمی خۆی بە دەورانی ڕەخنەگرتن «عصرانتقاد» دەزانێ. یانی دەستپێ‌کردنی ڕەخنەگەرایی بە پێی بنەماکانی عەقڵو هزری ئینسان بۆ ڕاستکردنی هەڵەکان و جیاکردنەوەی ڕاستییەکان لە نارێکییەکانو لابردنی بیرو فیکری بێ بنەمای نازانستیو چەقبەستوویی «دگماتیزم».

هەربۆیە مودێرنیتە لەسەر ئەساسی ڕەخنەگرتن لە سوننەت وەدیهاتو هەر بەو شێوهیەش بەرەو پێش دەچێ، واتە ڕەخنەی بەردەوامو ئەندیشەی ڕەخنەگرانە.

خاڵی هاوبەش لە سەرجەم بیروڕای جیاوازی ڕووناکبیران لە بارەی ڕەخنەوە ئەوەیە کە ڕەخنە یانی ناسینو ناساندنی «جوانیو ناحەزی»، «چاکوخراپ»، «ڕاستو ناراست».... کە بە سڕینەوەی لاوازییەکان ببێتە هۆی بەهێزبوونو گەشەئەستاندنو بەرەو پێشچوون چ لە بواری هونەر چ لە بواری کۆمەڵایەتی وەکوو فەرهەنگ وسیاسەت .

بەم پێشەکییە لە سەر ڕەخنە، ئێستا بزانین ڕەخنەگر کێیە؟

سەرتا جێی ئاماژە پێ‌کردنە کە ئێستا گەورەترین خەسارێک کە لە ژێرناوی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن، کۆمەڵگای ئێمە لە گشت بوارەکاندا لە گەڵی بەرووڕوویە، دەگەڕێتەوە بۆ سەقامگیر نەبوونی ڕەخنەو نەناسینی ئەم چەمکە هزرییو سوودمەندە لە کۆمەڵگادا. هۆی ئەم نەناسینو سەقامگیر نەبوونە دەتوانین ئاماژە بەم دووخاڵە بکەین:

– نەبوونی پشتیوانیی فەلسەفی لە لەکۆمەڵگای ئێمەدا بۆ ڕەخنە.

–نە بوونی پشتیوانیی مێژوویی،

ئەگەر بمانهەوێ ئەم دوو خاڵە شی‌بکەینەوە یەکەم هۆکار هەمان نەبوونی پشتیوانیی فەلسەفی بۆ ڕەخنەیە لە کۆمەڵگای خۆمان. یانی ئەوە کە ڕەخنە وەکوو زۆر چەمکی دیکە دیاردەیەکی دەرکیی «وارداتی»یەو هێشتا بە هۆکارگەلی جۆراجۆر نەیتوانیوە سەقامگیر بێ.

نەبوونی پشتیوانی مێژوویی بۆ جێگربوونی ڕەخنە دەگرێتەوە بۆ سیستمی حکوومەتی لە ئێران کە لە مێژە بە شێوەی پاشایی«اریستوکراسی»بەڕێوەچووە کە ئەم چەشنە حکوومەتە خودی پاشاو دەسەڵاتی بەرفراوانی ئەو، بنەرەترین بەربەستو بەهێزترین لەمپەڕ بووە بۆ گەشەنەکردنی هزری ڕەخنەگرانە.

ئەوە وەکوو کلتوورێکی نارەوا بە نێو کۆمەڵگاو بنەماڵەکانی ئێمەدا پەلی هاوێشتوە و باوک لە زۆربەی بنەماڵەکان نمادی پاشایەکی دەسەڵاتدارە کە کەس ناوێری گلەییو گازەندەی لێ‌بکا چ بگاتە ڕەخنەگرتن.

ئەوە بۆخۆی بابەتێکی جیاوازەو دەبێ زیاتر خەسارناسی بکرێ، تەنیا وەکوو بەرچاوروونیەک بە پێویستم زانی ئاماژەیەکی کورتی پێ‌بکەم، کە بۆ کۆمەڵگای ئێمە چ لە شێوە ڕەخنەگرتن یان ڕەخنە وەرگرتن، هەرزۆ تووشی توورە بوونو ململانێی بێ ئاکامو نابەجێ دەبین؟

ئێستا پرسیار ئەمەیە ئایا هەر شیوە گلەییو قسەوباسێک، یان هەر بیروڕایەک دەچێتە چوارچێوەی ڕەخنەوە؟یان هەکەس دەتوانێ ڕەخنەگر بێ؟

لەدێڕکانی سەرەوە ئەوە باس کرا کە لە کۆنەوە ڕەخنە وەکوو زانستێک چاوی لێکراوە، کەوایە لە هەر بوارێکدا ڕەخنە دەبێ زانستیو لەجێی خۆیدا بێ. بۆ نموونە ڕەخنەی ئەدەبی پێویستی بە زانیاری لەسەر ئەدەبیات هەیە. ڕەخنەگری هونەری سینەما دەبێ بە تەواویی ئاگاداری فەن‌و هونەری سینەما بێ.

ئەوەی کە ئێستا بۆتە گەورەترین بەربەستی گەشەنەکردنی هزری ڕەخنەگرانە ئەوەیە کە ڕێگە خۆمان دەدەین لە هەموو بوارێکدا قسە بکەین بێ ئەوەی لەسەر یەک لەوانە زانیاریەکی تەواومان هەبێ.

ڕەخنەگری هەربوارێک نیازە سەرەڕای زانینی شێوەی ڕەخنەگرتن، لەوبارەو کە ڕەخنەدەگرێ دەبێ شارەزایی هەبێو چوارچێوەکانی ڕەخنەگرتنیش بپارێزێ.

ئەو خاڵانەی دەبێ لە ڕەخنەدا لەبەرچاوبگیرێن:

–ڕێزنان لە ڕای بەرانبەر، خستنەڕووی خاڵە بەهێزەکان بەراوردکردن لە گەڵ خاڵە لاوازەکان، تێکۆشان بۆ باشترکردنو چاکسازیی، بە بەڵگەوە قسەکردن، تێکەڵ نەکردنی بیروڕای خۆی، بێ‌لایەنی، نەسەپاندنی فیکریەت و باوەری خۆی بەسەر بەرانبەرەکەیو هتد. داخەوە ئەمڕۆ لە زۆر شوێن لە ڕاگەیاندنەکانەوە بگرە هەتا ناوەندەکانی ڕۆشنبیریی تادەگاتە قسەوباسی ئاسایی زۆر جار دەبینین کە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ئەم چوارچێوە پرنسیپی ڕەخنەگرتنە ناپارێزرێ. هەر بۆیە ئێمە زیاتر لە قسەو باسو کۆڕوکۆبوونەوەکان لە جیاتی قازانج وەگرتن تووشی دڵ ئێشانو زیانی ئێخلاقی دەبین.

ئەگەر لە کۆمەڵگادا ڕێژەی ڕەخنەگرانی ڕاستەقینەو دلسۆز زۆر بن‌و هەرکام لە ئێمەش لەم بارەوە « تەمرین»مان هەبێ، کە بەرانبەر بە ڕەخنە لە جیاتی نیگرانیودڵ ئێشان، بیری لێ‌بکەینەوەو تێ‌بکۆشین هەڵەکانمان درێژە نەدەین و هەروەها خۆمان بەردەوام ڕەخنەگری خۆمان بین، ئەوکات دەزانین کە تامی تاڵی ڕەخنە وەکوو مەزەی تاڵ و تفتی دەرمان وایە کە نەخۆشیی نەزانین و دواکەوتووییمان چاک دەکاتەوە.

**سەرچاوە:**
**«اندیشەی انتقادی» بابک احمدی،**
**مجلەی شوکران.**



# دکتۆر کۆپی ڕێگە لە دڵداری ناگرێت



مستەفا شێخە

نازانم ئەم هەموو خەمە لەکوێ بارکەم؟ خەمم ئەوەندە زۆرە نازانم ڕوو دە کوێ بکەم. بوومەتە مامەخەمە، هەرچی خەمی دنیایە لە خۆمی بار دەکەم. لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا کاتێک بەرنامەی دکتۆر کۆپی لە یەکێک لە کەناڵە فارسییەکاندا نەما، خەمێکی قورستر هاتەسەر کۆی خەمانم. منیش وەک هەموو ئەو خانمو ئاغایانەی کتێبو متێبو ڕۆژنامەو مۆژنامە ناخوێننەوەو مێشکی خۆیانی پێ خرا ناکەن، نەک هەر بابەتو نووسراوەی کەس ناخوێنمەوە، تەنانەت لا لەئەم چەند دێڕەی خۆشم ناکەمەوە.

من نووسەرمو نووسەری ئەم دەورو زەمانەش بەڕاستی دەبێ نووسەر بێت. نووسەری ڕاستیش ئەو کەسەیە، خواپێداو بێتو هەر لە خۆڕا نووسەر بێت. نووسەرێک بەردەوام خەریکی کتێبو متێبو ڕۆژنامەو مۆژنامەو شتی وابێت، کەنگێ کاتی بیرکردنەوەی دەبێت؟ نووسەرێک خۆی بە خوێندنەوەی کتێبی نووسەرانی دیکەو بابەتی ڕۆژنامەکانەوە خەریک بکات، کوا لەژێر کاریگەریی ئەوان ڕزگار دەبێو بیروبۆچوون‌و لێکدانەوەو مێکدانەوەی ئەوان لە نووسراوەی خۆیدا کاوێژ ناکاتەوە؟ هەر بۆیە من لەمێژە بەڵێنیم داوە هیچ نەخوێنمەوە. بەتایبەت ئەم زمانی کوردییە، هەر بۆ خوێندنەوە نابێ. تەماشای کە ئەو هەموو سەرەو واو و حەوتو مەوتەی تێی‌دایە؟ دەڵێی مێرووی چەور بەسەر کاغەزدا ڕۆیشتووەو چەورایی قاچەکانی بە ئێرەوە نووساوە!

جا منی نووسەری عاقڵی زۆرزانیش وەک زۆربەی خەڵکی دیکە، بە ئەدیبو سیاسەتمەدارو گۆرانیبێژو پیاوی شاروبازاڕو کابانی ماڵو کچو کوڕانی ئەم سەردەمەی پێشکەوتنەوە هەرگیز ئامادەنیم خۆم بە شتی دواکەوتووانەو دوور لە شارستانیەتی ئەمڕۆ خەریک بکەم. هەر لە کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە بگرە تا دەگاتە بەرنامەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان، هەموویان کاتی مرۆڤ بە فیرۆ دەدەن. ئینترنێتەکە باشترەو لە ناو ئینترنێتیشدا فەیسبووکو سکایپی لێ‌دەرکەی هیچی دیکەی بەکەڵک نایەت. سەردەمی ئەوە نەماوە لە ناو ماڵپەڕەکاندا بسووڕێیەوەو وتاری دوورو درێژ بخوێنیەوەو مێشکی خۆتی پێوە خرا بکەی. ئەمڕۆ لە ئینترنێتدا ڕۆژی چەت کردنو گەمەی ئەمدیو ئەودیوی سکایپە. چۆن دەبێ دەستت وەبەر چەنەت بدەیو بەرانبەری تەلەفزیۆن لووت داژەنیو گوێ بۆ هەواڵو بەرنامەی مێزگرد ڕابگریو کەلـلەی خۆت بە سیاسەتو ئەدەبیاتو فۆلکلۆرو ئەمجۆرە شتانەوە خرابکەی؟ ئەشەهەدووبیللا هەڵپەڕین لە تەلەفزیۆنی کوردی جوانە. ئەویش بەبۆنەی جێژن‌وسەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان‌و شتی وانەبێ، پێشانی نادەن. دەزانی تەلەفزیۆنی کوردی چەندەی لێ‌جوانە ئەگەر کچێکی باڵابەرزی سنگ پانی نێوقەد باریکی برۆ تاتووی چاوڕەشکراو جلێکی تەنک یان مینیژۆپێکی کورت دەکاتە بەرو ئاڵایەکی هین بەدەستەوە دەگرێتو سەرچۆپی دەکێشێ؟ ئەگەر تەلەفزیۆنەکە یەکدووجار سەرچۆپیکێش زووم بکا، باسێکی گەرم لە ناو بینەراندا دادەمەزرێنێ. خانمانی بینەر دەتوانن چەند سەعات لەسەر دەموچاوی سەرچۆپیکێش قسە بکەن‌و لێکدانەوەی جیاوازیان هەبێ. دەتوانن بە وردی باسی شێوازی تاتووکردنی برۆ و نەشتەرگەریی لووتو دەستکاری‌کردنی کوڵمەو دانانی مژۆڵی دەستکردو خاوکردنەوەی قژو ئەستوور کردنی لێوی سەرچۆپیکێش بکەن.

خەمی نەبوونی بەرنامەی باش لە تەلەفزیۆنی کوردی کوشتوومی. ئاخر هەر نەبێ تیتۆڵێک لەم تەلەفزیۆنە فارسییانە دابڕن. ئەوان ئەم هەموو فیلمە خۆشانە دووبلاژ دەکەنەوە. فیلمی وایە بۆ ئەوە دەبێ دەجار چاوی لێ‌بکەیەوە. تەلەفزیۆنی وایان هەیە، فیلم لەسەر فیلم پێشان دەدا.

ئەگەر ئەم فیلمە خۆشانە نەبان، هەر برشمان هەڵدەهێنا. ئێستا لەسایەی ئەم فیلمانە هەموو کەس بووژاوەتەوە. لە ژن‌و لە پیاو هەرکەس دەیانبینێ، دەگەشێتەوە. جاوەرە سەیری ئەم فیلمانە بکە فێری دڵداری مەبە! وات لێ‌دەکەن بە پیریی سەرت، دڵت تەڕ بێتەوەو بەدوای دۆستو قلو کەپڵو خۆشەویستو دڵداری تازەدا بگەڕێی. ئەوەیە فەرهەنگو دابونەریت! بەخۆشییەوە لەسایەی ئەم فیلمانە منداڵی سەر پشتی بێشکەش فێری دڵداری دەبێ. هێمن‌و گۆران‌و هەژارو شێرکۆو وەفاییو نالیو بێخودو کوردیو خانی و هەزارانی دیکە هەوڵیاندا لەڕێگەی شێعری دڵدارانەوە فێری دڵداریمان بکەن، پێیان نەکرا. ئەم کوڕو کچە شاعیرە لاوانە ڕۆژانە خەریکن بە پەلە نۆرمی باوی زمان تێک‌دەشکێنن، وشەی لێکو لووسو چەور و بەتام دادەتاشن دەیکەنە شەعر و بە دیواری فەیسبووکەوە هەڵیاندەواسن، ئەوانیش بخەیە سەر کاری شاعیرانی کلاسیک، بە هەموویانەوە بە ئەنگوستە تووتەکەی تەلەفزیۆنێکی فارسیان لەدەست نایەت. بەڕاستی ئەم تەلەفزیۆنانە دڵداریان بە شێوازی مۆدێرن زیندوو کردەوە.

لەم نێوەدا ماوەیەک بوو بەرنامەی تەنزی دکتۆر کۆپی کە لە یەکێک لە تەلەفزیۆنە فارسییە پڕ لایەنگرەکانی خۆماندا بڵاو دەکرایەوە، وەستابوو. ئێستا لە سەر ماڵپەڕی تەلەفزیۆنەکە ڕاگەیەندراوە دکتۆر کۆپی بە شێوازی نوێ دەگەڕێتەوە. من لێرەدا بەڵێنی بە لایەنگرانی دڵداری دەدەم، بەرنامەکەی دکتۆر کۆپی کورتەو کاتێکی کەم دەگرێو دوای ئەو دەتوانن سەیری فیلمی دڵدارانە بکەن. هاتنەوەی دکتۆر کۆپی دڵخۆشییەکیشە بۆ ئەو سیاسەتمەدارو ژن‌و پیاوە ماقووڵانەی دەیانهەوێ بە بیانووی بەرنامەی تەنزی دکتۆر کۆپی بەسیلەی چاو سەیری فیلمە دوورودرێژەکان بکەن‌و فووت وفەننی تازەی دڵدارانە فێربن‌و منیش بەشێک لە خەمەکانم کەم دەبێتەوە.

# «یارە بەوەفاکەی ئاربەبا»



هوشەنگ قادری

سەرەتای وەرزی بەهارەو درەختەکان خۆیان بۆ گەیشتنی بووکی ئازادی ڕازاندۆتەوە. دەستە دەستە هەڵۆی بەرزەفڕ بە ئاسمانی ئەم نیشتمانەدا، کەوتونەتە فڕین بە چنگی پۆڵا ئاسا و شەقەی باڵیان دڵی هەور و بێ‌دەنگی دارستان دەشێوێنن.

پۆلێک هەڵۆ بەرەو «مەیدانان» باڵ لێ‌دەدەن پێش قەتاریان شەهید عوسمان، عوسمان ناوێکە لە پێشەوەی ئەم کاروانە ڕادەخوشێ و بەرەو ئامانج بەڕێوەیە.

ئێستا «مەیدانان» ئارامە و سریوەی «با» و چەند ئەستێرەیەک تێکەڵ بووە لە گەڵ هەنگاوەکانی ئەم کاروانە. کاروان هەروا بەڕێوەیە، نە ماندوو بوون، نە تاریکی، هیچی ڕێگەی پێ‌نابڕێ. ئاخر دەبێ بۆ کازیوە کاروان بگاتە «سەرتوون». «سەرتوون» گەردنی بەرز ڕاگرتووە، دەزانێ عوسمان و هاوڕێیانی دێن تا لە باوەشی ئەودا جێژوان بۆ دڵدارانی نیشتمان ڕێک بخەن. «پێشەوا ٢١»و هاوڕێیانیشی لە شارەوە ڕێکەوتوون تا لە سینگی «سەرتوون» بەیەک بگەن و پەیامی شار و شاخ لێک گرێ بدەن.

کاروان بێ سەبرانە هەنگاو دەنێ و هیچ شتێک نیە ڕێی پێ لار کا «لە سەرشانی یەک بەیەکی شێر سوارانی ئۆقرە نەگر، ئەستێرەی سەرکەوتن دیارن». دڵی دوژمن لە گەڵ هەر هەنگاوێک دەلەرزێنن. ئاخر دەزانن عوسمان و کەماڵی قاقە و هاوڕێیانی هاتوون، تا جەستەی چەقەڵی خوێنڕێژ، پڵنگ ئاسا بتەزێنن. هەرکاروانێک گوزەر دەکا، نیشانتان لەدار، لەشاخ لە کانیەکان دەپرسن. ئاخر هەموو دەزانن بە دەستە ماندووەکانت، لە دڵی تاریکی شەودا پرچیانت هۆنیۆتەوە. «زاغە»وا بەهەیبەت ڕاوەستاوە، فەخر بە زەوی دەفرۆشێ. شەماڵ هەواڵێکی بە گوێدا چرپاندووە، « پشتیوان ١٦»و «ڕێبوار٢٥» بە ڕێگەوەن، تا ئەمشەو لە نێو دڵی ئەودا، ڕازێک بدرکێنن و چاوی پڕ لە هیوایان بە دیداری شۆڕەسوارەکەی ئاربەبا گەش بێتەوە و ئەویش لە نێو کۆڵەپشتییەکەی‌دا چەند نامەیەک و چەند ڕاسپاردەیەک بۆ هەواڵانی شار بەڕێ بکا و مژدەی سەرکەووتنێکی دیکەیان بداتێ. هەڵۆی تیژباڵ ساتێک نیەتی ئارام، باڵی ماندووی دیسان بووە میوانی ئاسمان. ئەمجارەیان تەمای وایە بەرەو «نیروان»بەڕێ کەوێ....

ئاخر لەوێش چەند ڕۆژێکە «قوڵقوڵە»، «سوورکێو»، «سەرتوون» چاوەڕوانن، دەزانن عوسمان و هاوڕێیانی، بێ دیداری ئەوان لەو ناوچەیە تێپەڕ نابن. «قوڵقوڵە» لەگەڵ خۆی وەڵامی دوا ڕاسپاردەی هێناوتەوە. «سوورکێو» مەئموریەتەکەی بە سەرکەوتوویی تەواو کردوە و «سەرتوون» بۆ گەیاندنی ڕاسپاردەی تازە چاوەڕێیە. بەڵێنیان وایە بست بە بستی ئەم نیشتمانە، بۆ دوژمن بکەن بە گۆڕستان. ئاخر لە هەرشوێنێک، تەپۆڵکەیەک یان بندارێک کڵاوێکی سەربازانەی لێ وێستاوە،»بەڵگەی خواشمان لەگەڵدا بێ ڕێمان دەگرن» نەکا پەیامی شاخ و ڕەمزی نەهێنی ناوێکمان لە دڵدابێ.

هەیبەتی»سوورکێو» ئەمجارەش بە گەیشتنی عوسمان و هاوڕێیانی دەرکەوتەوە ئەویندارانی دێموکرات لە «گەورەقەڵا» قەرار وایە لەگەڵ عوسمان بگەن بەیەک.

«دیرسیم» و «ئاربەبای بەرز» لە ڕێگەی دورەوە گەیشتوون، لەگەڵ خۆیان کۆڵەپشتیەک لە چالاکییەکانی شاریان هێناوە و، هەواڵی کوشتنی «سەلاحی خائین» و تۆڵەی شەهیدانی نیروانیان بۆ هێناوە...

چەند ساتێک لێرە بڕۆی.... نا چەند ساتێک نا... بۆ ماوەیەک یان بۆ ساڵانێک جێ‌مان بێڵی و.....

لەگەڵ جریوەی ئەستێرەکان و هەوری باراناوی و بای شەماڵ سەفەر بکەیت. قەرارت داوە لەگەڵ باران و هەڵاتنی مانگ و دەرکەوتنی ئەستێرەکان، جارێکی دی بێتەوە لامان. کە تۆ لێرە نیت، چاوەکانی تۆ لە پێش ئەم کاروانە، ڕێ نیشاندەری ڕێگەمانە.



بۆیە دوژمن هێشتا هەر تاساوە، خەوی خۆشی لێتاراوە، لێرە و لەوێ دەستە دەستە، «هەڵۆی بەرزەفڕ بە کوردستان، نیشتمانی وەک بەهەشتمان دادەگەڕێن و لە هەرجێیەک چنگیان کەوێ، بریسکە لە بەردوترووسکە لە ڕووباریش دەستێنن».

ورەی بەرز و پۆڵائاسا تێکەڵ بووە لەگەڵ باوەڕیان «شێرکۆ»،»ماندوو»،»گومی٢١» جانتای دڵیان پڕ کردوە لە باوەڕ و ڕێنماییەکانی ماموستاکەیان عوسمان تا لە گەڕانەوەیان بۆ شار، مشت مشت بیپڕژێنن بە سەر دڵی هەڤاڵان و چرۆی ئەوینی کوردایەتی بە هێزتر کەن. ئەوەی عاشق بە چیایە بیدەنە دەست «با» و، بەرەو عوسمان بەڕێی بکەن.

ئێستا تۆ دوای ئەم هەموو باڵ لێدان و دیدار و جەولە لە دوای جەولە، دۆڵ بە دۆڵ و بەرد بە بەرد و شاخ بە شاخ و کانیاوەکان هەر هەموویت لە باوەشی چاوەکانتا هەڵگرتووە و تەمات وایە بۆ . وا هەست نەکەیت کە لێرە نیت، کاروانسەرای ئەم خەیاڵە بێدەنگ نوستبێ.

لێرە ڕووناکی چاوەکانتە هێشتا پڕە لە وتن بۆ هاوڕێکانت لێرە تۆ و ئەوەی بۆنی تۆی لێ‌دێ، ڕۆژانە لەگەڵ یەکەم گزینگی خۆر بەسەر باڵای ئەم نیشتمانە لەگەڵ گوڵا دەبنە دەستە خوشک و بڵاو دەبنەوە. لێرە هێشتا نامەکان و پەیامەکان شەقام و کۆڵان و پێ‌دەشتەکان دەبڕن و قوتابیەکانت بۆ ساتێکیش ورەیان بەرنەداوە. لێرە تۆ مانای بوونی هەمووشتێکیو قەت ون نابی.

ئێستا هەموو ئەوانەی خوویان گرتوە بە تۆ لە تۆدا دەگەڕێن بۆ خۆیان، بزانن کەی دەگەن بە تۆ. هەرگیز لە بەرچاوی ئێمە ون نیت. لێرە لە سینگماندا، دڵمان بۆ کردویتە دوا هێلانە ئەی مامۆستا!

پێشکەش بە هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی لە شەشەمین ساڵڕۆژی کۆچی ناوادەی‌دا

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 616 22 september 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Kdp:Tashkilat.kdp92@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# شەرەفکەندی، ئەو پیاوەی گەورەیی بە مردن بەخشی



وریا رەحمانی

بەشێکی گرنگ و سەرەکیی مێژووی سەروەرییەکانی هەر نەتەوەیەکی زیندوو، بەستێنی گێڕانەوەو نوێنگەی ژیانو ئەندێشەی کەسایەتییە تایبەتو مەزنەکانیەتی. جاری وایە کە مێژوو خۆی لە توێی لاپەڕەکانی پەرتووکی ژیانی ئەو گەورەپیاوانەدا دەبینێتەوە. هەندێ جار ئەندێشەو مێتۆدی کرداریی مرۆڤە بلیمەتەکان ڕەوتی سەرەکیی ژیانی نەتەوەیەک دەگۆڕێو لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی دیکەی ڕێنوێنی دەکا. مێژووی سیاسیی کوردو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بەتایبەت لە یەک سەدەی رابردوودا بە جۆرێکی دانەبڕاو لەگەڵ کەسایەتیو ژیانی گەورەپیاوانێک گرێ دراوە کە هەرکامەی لە جێی خۆیدا ئاڵاهەڵگر و پاڵنەری سەرەکیی بەشو قۆناغێکی گرنگی مێژووی خەباتی ئەم نەتەوەیەن. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک جیددیترینو سەرەکیترین جەریانی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەو لاپەڕە زێڕینانەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کوردستانە کە نوێنگەی درەوشانەوەو گەشەی ئەو قارەمانو کەسایەتییە مەزنانەیە کە شوێن پەنجەو کارگەرییان نەتەنیا هەر لە حیزبی دێموکراتدا بەڵکوو لە پەیکەرەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە گشت کوردستاندا بۆ هەمیشە بە یادگار ماوەتەوە. ئەگەر قازی محەممەد وەک دامەزرێنەرو پێشەوای حیزبی دێموکراتو سەرکۆماری کوردستان، دوکتور قاسملوو وەک بووژێنەرەوەو مێعماری سەرەکیی بونیادنانەوەی حیزبو بزووتنەوەی کورد، نەخشی سەرەکیو حاشاهەڵنەگریان هەیە، هەرگیز ناکرێ لە نەخشو کاریگەریی مامۆستایانەو ئەکتیڤی دوکتور شەرەفکەندییش وەک درێژەدەرێکی راستەقینەو بەڵێندەری بەردەوامیی ڕەوتی خەبات چاوپۆشی بکرێ.

دوکتور سادقی شەرەفکەندی کە لە نێو کۆڕی هاوڕێیانی حیزبیدا بە دوکتور سەعید ناوی دەکردبوو لە دژوارترین هەلومەرجی رۆژەکانی سەختی خەباتی میللی دیمۆکراتیی خەڵکی کوردستان بە دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا ئەرکی رێبەریی حیزبی دێموکراتی وەئەستۆ گرت. لەلایەکەوە کۆماری ئیسلامی دوای تەواوبوونی شەڕ لە نێوان ئێرانو عێراقدا زۆربەی هەرە زۆری هێزەکانی بۆ بەرەی شەڕی کوردستان ناردبوو و لەلایەکی دیکەشەوە تیرۆری دوکتور قاسملوو خۆی گورزێکی کاریگەری لە پەیکەری حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی کوردستان دابوو. هەر بۆیەش هەلومەرجی ناسکو دژواری ئەو کات رێبەرێکی لێوەشاوەو زاناو بلیمەتی دەویست کە هەم ئاگری کوورەی خەبات بە گەشاوەیی بێڵێتەوەو هەم حیزبو بزووتنەوە مافخوازانەکە بەرەو پێش بەرێو نەهێڵێ نەبوونی دوکتور قاسملوو بارێکی مەنفی لە سەر بەردەوامیی خەباتەکە دابنێ. لێرەدا بوو کە دەوری میحوەریو ئازایانەی دوکتور سەعید بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆ دۆستو دوژمن دەرکەوتو هەمووان پەییان بە بەرحەقبوونو لێوەشاوەیی زێدەی دوکتور شەرەفکەندی برد. ئەگەرچی ماوەی رێبەرایەتیی دوکتور سەعید وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات کورتخایەن بوو و، تاریکپەرستان زۆر زوو هەستیان بە گەورەییو لێوەشاوەیی زێدەی ئەم رێبەرەی حیزبو گەل کرد، بەڵام هەر لەم ماوە کەمەشدا ئاستی بەرزی تێگەیشتوویی سیاسیو مودیرییەتیو هونەری بەرزی دیپلۆماسیی دوکتور شەرەفکەندی وەک سیاسەتمەدارێکی بەتواناو رووناکبیر بۆ هەموو لایەک دەرکەوت.

دوکتور سەعید باوەڕی قووڵی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو گەلانی دنیا بەتایبەت بۆ گەلی کورد هەبوو کەچی بە پێی ئەو هەلومەرجە تایبەتو جیاوازەی کە هەر پارچەیەکی کوردستان لە بەرەورووبوونەوە لەگەڵ حکوومەتە ناوەندییەکاندا هەیەتی پێی وابوو کە چارەسەری پرسی کورد لە ئاستە بەرینو گەورەکەی خۆیدا لە پێشدا پێویستیی بە رێکارو چارەسەری تایبەتی هەر پارچەیەک هەیە، هەربۆیەش وەک پرەنسیبو ئەسڵێکی بنەڕەتیی سیاسی، باسی لە سەربەخۆیی سیاسیی هەر حیزبو پارچەیەکی کوردستان دەکردو تەنانەت لەوکاتەشدا کە خەبات لە چڵەپۆپەی خۆیو حیزب لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، هەرگیز ئەو ئەسڵە ئەساسییەی نەخستە ژێر پێو پرەنسیپی سیاسیی ڕەچاو دەکرد. باوەڕی پراکتیکخوازانەی دوکتور شەرەفکەندی بە بەشداریو لە مەیداندابوونی چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە خەباتی بێپسانەوە، و بەردەوامی نەتەوەییدا بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورد لە خاڵە بەرچاوو سەرنجڕاکێشە سیاسییەکانی ئەو رێبەرە بلیمەتەی کورد بوو کە ئەمە ڕەهەندێکی والای پرستێژ و کەسایەتیی کەموێنەی پێبەخشیبوو. هەوڵی بێدرێغی دوکتور سەعید بۆ هاوکاریو هاوخەباتبوونی هێزو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی بەرەیەکی پێشرەو و یەکگرتووی واحیددا سەرنجی زۆری سیاسەتمەدارانی نێوخۆ و دەرەوەی بەرەو خەباتی حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانو کەسایەتیی چالاکی ئەو رێبەرە هەڵکەوتەیە ڕاکێشابوو. کەسایەتیو لێوەشاوەیی بەرزی سیاسیو رێبەریو دیپلۆماسیی دوکتور شەرەفکەندی زۆر زووتر لەوە کە دوژمنانی کورد بیریان لێدەکردەوە برینی لەدەستدانی شەهید دوکتور قاسملوی سارێژ کردەوەو بە گوڕوتینێکی زۆرەوە ڕەوتی بەرەوپێشی خەباتی بەرەو پێشتر برد. هەربۆیەش ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمجارەشیان بۆ کردەوەیەکی شوومی دیکە دووبارە وەگەڕ کەوتەوەو لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا لە شاری بێرلینی ئەڵمان دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، کاک فەتاحی عەبدولی ئەندامی رێبەریی حیزب، کاک هومایوون ئەردەڵان تێکۆشەری حیزبو نووری دێهکوردی دۆستی حیزبی دیموکراتیان تیرۆر کردو حیزبی دێموکراتو گەلی کورد بۆ جارێکی دیکەش لەگەڵ کۆستێکی دیکە ڕووبەڕوو بوونەوە.

دوکتور سادقی شەرەفکەندی ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە گوندی تەرەغەی بۆکان لەدایک دەبێ. خوێندن لە بۆکانو مەهابادو تەورێز تەواو دەکا. لە دانشسەرای پەروەردەی مامۆستایان لە تاران لیسانسی شیمی وەردەگرێو پاشان بە مەبەستی خوێندن دەچێ بۆ وڵاتی فەڕانسەو لەوێ لە زانکۆی ژمارە شەشی پاریس دوکتورای شیمی وەردەگرێ. هەرلەوێش لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتور قاسملووی نەمر ئاشنا دەبێو دەبێ بە ئەندامی حیزب. پێش کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکرات وەک ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێو لە کۆنگرەی چواردا دەبێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی. زۆر بە خێرایی پەیژەکانی سەرکەوتن لە نێو حیزبدا دەپێوێو دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە ساڵی ١٣٦٥ ەوە تا کاتی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو پۆستی جێگیریی سکرتێری گشتیی لە ئەستۆ دەبێ. دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بە سکرتێری حیزب هەڵدەبژێردرێو پاش کۆنگرەی ٩ش دووبارە وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێردرێتەوەو تا کاتی شەهیدبوونی لەم پۆستەدا دەمێنێتەوە. دوکتور شەرەفکەندیی نەمر نەتەنیا بە ژیانی بەڵکوو بە مەرگیشی لاپەڕەیەکی زێڕینی لە پەرتووکی پڕ لە شانازیی سەروەرییەکانی نەتەوەییدا بۆ گەلی کورد تۆمار کرد و گەورەیی بە مردن بەخشی.

## ژنە رۆژنامەنووسی کورد خەڵاتی «ئیلاریا ئالپی»ی پێ بەخشرا



سووسەن محەممەد خانی غیاسوەند ژنە رۆژنامەنووسی کوردی خەڵکی قەزوین، لە رێوڕەسمێکی تایبەتیدا لە وڵاتی ئیتالیا، خەڵاتی «ئیلاریا ئالپی» تایبەت بە «کار کردنی رۆژنامەنووسان و هەواڵنێران لە هەلومەرجی دژوار»ی وەرگرت.

سووسەن محەممەد خانی لە پەیامێکدا کە لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەیدا پێشکەشی کرد، رایگەیاندبوو؛ « دەمهەوێ ئەم هەلە بقۆزمەوەو یادێک لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند بکەمەوە کە بە زیاتر لە ١٠ ساڵ زیندان مەحکووم کراوە». هەروەها پێویستە یادێک لە «عەدنان حەسەنپوور» رۆژنامەنووسی کوردو بە پێشینەترین رۆژنامەنووسی زیندانی لە ئێـران بکەینەوە کە حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپاوەو دواتر بەهۆی نارەزایەتیی ناوەندو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە حوکمەکەی بۆ ٣٠ساڵ زیندان و پاشان بۆ ١٥ ساڵ زیندانیی تەعزیری کەم کرایەوە».

سووسەن محەممەدخانی غیاسوەند ژنە رۆژنامەنووسی کوردی خەڵکی قەزوینو دانیشتووی وڵاتی فەڕانسە، ئەو خەڵاتەی پێشکەش بە هەموو ژنانی کوردو بە تایبەت دایکی خۆی کرد.

ئەو ژنە رۆژنامەنووسە، ماوەی ١٤ ساڵە بەشێوەی سەربەخۆ سەرقاڵی کاری رۆژنامەنووسییەو بەوتەی خۆی لە ساڵی ١٣٨٨ـەوە هەتا ئێستا بەبێ مووچە کاری رۆژنامەنووسی دەکا.

«ئیلاریا ئالپ» رۆژنامەنووسی ئیتالیایی ساڵی ١٩٩٤ هاورێ لەگەڵ «میران هێرۆواتین» فیلم هەڵگری هاورێی لە «مۆگادیشۆ» پایتەختی وڵاتی «سۆمالی» کوژراو لەو کاتەوە هەتا ئێستا ساڵانە خەڵاتێک بەناوی ئەو رۆژنامەنووسەوە بە رۆژنامەنووسانێک دەدرێ کە لە هەلومەرجی دژواردا کار دەکەن.

## سەرەکیترین هۆکارەکانی مردن لە رۆژهەڵاتی کوردستان



ئیدارەی پزیشکی قانوونی ئێران سەرەکیترین هۆکاری مردنی ناسروشتی لە رۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران بۆ رووداوی هاتوچۆ دەگەرێنێتەوە.

بە پێی ئاماری پزیشکی قانوونی ئێران لە چوار مانگدا، واتە لە ٢١ی مارسەوە تا ٢٢ی جولای ساڵی ٢٠١٣ لە رۆژهەڵاتی کوردستان ٥٧٧ کەس بە هۆی رووداوی هاتووچۆوە گیانیان لەدەست داوە ، لە هەمانکاتدا ١٠٧٨٦ کەس بەو هۆیەوە بریندار بوون. بەپێی ئەم راپۆرتە لە ماوەی چوار مانگدا ١١٣٦٣ کەس بوونەتە قوربانی رووداوەکانی هاتووچۆ. لەم راپۆرتەدا هاتووە کە تەنیا لە پارێزگای تاران ٥٠٢ کەس بوونەتە قوربانی، بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان ٥٧٧ کەس بەهۆی رووداوەکانی هاتووچۆ کوژراون. یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم کێشەیە، گرفتی جاددەو رێگاو بانە. هەروەها ماتۆرسکیلێت بە بکوژی لاوان ناسراوە کە زۆرترین پشکی لە قوربانیانی هاتووچۆ وەبەردەکەوێ.

## چەندین هەزارکەس لە تووشبووان بە نەخۆشیی ئێیدز ئاگایان لە نەخۆشییەکەیان نیە




سەرۆکی ئیدارەی ئێیدزی وەزارەتی بێهداشت، دەرمان و فێرکاری پزیشکیی ئێران رایگەیاند نزیکەی ٥٠ تا ٥٥ هەزار هاووڵاتیی ئێرانی لە حاڵێکدا کە تووشی نەخۆشی ئێیدز هاتوون، بەڵام لەبەر وەی کە هیچ نیشانەیەکیان پێوە دیار نیە بە نیسبەت نەخۆش بوونی خۆیان بە تەواوی بێ ئاگان.

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی ئیرنا، عەبباس سەداقەت رایگەیاند: «نزیکەی ٢٦ هەزار نەخۆشی تووشبوو بە ئێیدز لە ئێران شناسایی کراون، بەڵام بەپێی گریمانەکان مەزەندە دەکرێ زیاتر لە ٧٠ تا ٨٠ هەزار کەس لەم وڵاتە نەخۆشی ئێیدزیان هەبێ»

بەپێی قسەی ناوبراو بابەتەکانی تووش بوون بەم نەخۆشیە لە ئێران بەهۆی ئێعتیاد و لە رێگەی دەرزیەوە بووە.

سەرۆکی ئیدارەی ئێیدزی وەزارەتی بێهداشت هەروەها گوتی: «سەرەڕای ئەوەی کە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ئێیدز لە رێگەی گیرۆدەبووانی تەزریقی کەم بۆتەوە، بەڵام ئێستا «روانگردان»کان و مادەی شیشە مەترسییەکی دیکەن بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە لە ئێران.»

سەداقەت هەروەها باسی لە بەرز بوونەوەی رێژەی ژنانی تووش بوو بە ئێیدز لە ئێران کردو گوتی: «زۆربەی تووشبووان بە نەخۆشیی ئێیدز لە لاوان پێک هاتووە بە جۆرێک کە سەدی ٤٦ و نیوی تووشبووان بەم نەخۆشییە لە گرووپی تەمەنی نێوان ٢٥ تا ٣٦ ساڵن.»

## پازدە لە سەدی توشبووانی مادەهۆشبەرەکان مەدرەکی لیسانسیان هەیە

بابەک دینپەرست، جێگری ستادی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مادە هۆشبەرەکانی ئێران گوتی، ٢٢ لە سەد لە کۆی گشتیی توشبووانی مادە هۆشبەرەکان لە ئێران لیسانسیان هەیەو مەدرەکی خوێندنی ١٥ لە سەدی دیکەیان لە سەرووی دیپلۆمەوەیە.

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی ئیسنا، ناوبراو کە لە کۆبوونەوەی «چاککردنەوەی تووشبووانی ئیسفەهان» قسەی دەکرد وتی، سێ هەزارو ٥٦ کەس لە ساڵی ١٣٩٠ بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە مادەهۆشبەرەکان گیانیان لە دەست داوە.

هەروەها ناوبراو لەبارەی ئاماری تووشبووان لە پارێزگای ئیسفەهانیش گوتی، ئیسفەهان لە بواری کەڵک وەرگرتن لە مادە سڕکەرەکان لە پلەی ١٩ی ئێران دایە، بەڵام بەداخەوە مردنی تووشبووان لە ئیسفەهان لە چاو شارەکانی دیکە زۆر زیاترە.



ئازادی ستودە – مانا نیستانی